RJH | Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website
Vol. 13, No. 3 (2026)

Received: 22nd May 2026 Accepted: 02nd August 2026 Published online: 20th September 2026

The Impact of Human Intervention on the Deterioration and Loss of Historical Value of Archaeological and Cultural Sites in Kifri City.

Saman Karim Mahmood [1]
saman.karim@gpu.edu.iq
[1]Department of Information Technology, Kifri Technical College, Garmian Polytechnic University, Kifri, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

Abstract:
Effect of human intervention on the destruction of archaeological and cultural heritage sites of Kifri In this study, researchers attempt to evaluate and explain the impacts of human manipulation on archaeological and cultural sites of Kifri town, that have been considered as one of the most valuable cultural and archaeological heritage. These threats have led to destruction of some of the cultural and ancient sites. The descriptive method of analysis, using field surveys and interviews with archaeological officials and local residents, was used in this study. The results showed that human activities, such as intervention and architectural changes, repairs without following archaeological principles, have had a negative impact on the archaeological and cultural sites of the city and led to physical destruction of their historical value. In addition, it has been observed that there is a lack of people awareness on the importance of preserving those historical and archaeological sites. It is also recommended that measures be strengthened to protect historical and cultural monuments, for example: increasing government supervision, implementing a program to raise public awareness, and including these historical heritage and cultural sites in the sustainable restoration plan.
Keywords: Kifri, Archaeological and Cultural sites, historical value, human intervention.

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

کاریگەریی دەستتێوەردانی مرۆیی لە سەر تێکچون و لەدەستدانی بەهای مێژویی شوێنە شوێنەواری و کەلتوورییەکانی شاری کفری.

سامان کریم محمود[1]
[1]بەشی تەکنەلۆجیای زانیاری، کۆلێژی تەکنیکی کفری، زانکۆی پۆلیتەکنیکی گەرمیان، کفری، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

پوختە:
ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات هەڵسەنگاندن و شیکردنەوە بۆ کاریگەرییەکانی هەڕەشە و مەترسییە مرۆییەکان بکات لەسەر شوێنە شوێنەواری و کەلتوورییەکانی شاری کفری، کە بە یەکێک لە گرنگترین ئەو شارانە دادەنرێت خاوەندارێتی میراتێکی دەوڵەمەندی کەلتوری، کەلەپوری و شوێنەواری دەکات. مەترسییەکان بەرەو ئاقاری تێکدان و لەناوبردنی بەشێک لەو شوێنە کەلتوری و شوێنەوارییانە سەری کێشاوە.
میتۆدی وەسفی-شیکاری لەم توێژینەوەیەدا بەکارهێنراوە، لە ڕێگەی ڕوپێوی مەیدانی بۆ شوێنەکان و دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسی بەسەر نمونەیەکی ٢٣٢ کەسیدا. توێژینەوەکە بە شێوەیەکی مەیدانی هەڵسەنگاندنی بۆ ٣٢ خانوی کەلتوری لە شارەکەدا کردوە؛ دەرەنجامەکان دەریانخستوە کە ٢١.٨٪ی ئەم خانوانە (٧ خانو) بە تەواوی ڕوخاون، ٢٨.١٪یان (٩ خانو) بونەتە کەلاوە و لەژێر مەترسی فەوتاندان، لە کاتێکدا تەنها ٥٠٪یان (١٦ خانو) تا ئێستا ماونەتەوە. چالاکییە مرۆییەکان وەک گۆڕانکاریی بیناسازیی هەڕەمەکی و فراوانبونی نایاسایی کشتوکاڵ، کاریگەری توندیان لەسەر شێواندنی ناسنامەی فیزیکیی شوێنەوارەکانی وەک (گردی کفری کۆن) و (دەهۆڵخانە) هەبوە. دەرەنجامی ڕاپرسییەکە نیشانی دەدات، کە زۆرینەی بەشداربوان (٦٧.٢٪) پشتگیری لە پڕۆژەکانی نۆژەنکردنەوە دەکەن وەک ئەولەویەتێک. لە کۆتاییدا، توێژینەوەکە پێویستیی هەمواکردنەوەی ڕێکارە یاساییەکان و پاراستنی فیزیکیی خێرای شوێنەوارەکان دەخاتەڕو.
کلیلە وشە: کفری، شوێنە شوێنەواری و کەلتوورییەکان، مەترسییە مرۆییەکان، بەهای مێژویی.

تەوەری یەکەم:

پێشەکی

شوێنە شوێنەواری و کەلتوورییەکانی شاری کفری بەشێکی گرنگی میراتی ڕۆشنبیری و مێژویی ناوچەکە پێکدەهێنن. کە، ڕەنگدانەوەی شارستانییەتێکی دەوڵەمەندی سەدەهایەکە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم شوێنانە بەردەوامی هەڕەشەی زۆر دەبنەوە بەهۆی ئەو چالاکییە مرۆییانەی دەبنە مایەی تێکدان و لەناوچونی بەها مێژوییەکەیان. لەنێو ئەو چالاکییە مرۆییانەدا، دەستتێوەردانی بیناسازی، چاکسازی دور لە بنەمای شوێنەواری لە دیارترین ئاڵەنگارییەکانی بەردەم پاراستنی ئەم شوێنە شوێنەواری و کەلتوورییانەن.
سەرەڕای هەوڵەکانی پاراستنی شوێنە شوێنەوارییەکان بەشێوەیەکی گشتی، بەڵام واتای ئەوە نییە کە کاریگەریی مەترسییە مرۆییەکان بەشێوەیەکی تەواو لەسەریان کەم بوبێتەوە. بەتایبەت لە ناوچەیەکی دورە دەستی وەک شاری کفریدا. لەبەرئەوە، ئەم توێژینەوەیە ئامانجیەتی هەڵسەنگاندن و شیکاری بۆ کاریگەریی مەترسییە مرۆییەکان لەسەر شوێنە شوێنەواری و کەلتوورییەکانی شارەکە بکات و ئەو هۆکارە سەرەکییانە دیاری بکات کە ڕێگەخۆشکەرن بۆ تێکچونی باریان و بونەتە هۆکاریش بۆ لەدەستدانی بەهای مێژوییان. هەروەها، توێژینەوەکە پێشنیاری ڕێکاری چارەسەری و پاراستنی ئەو شوێنانەش دەخاتەڕو.
گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە بۆشاییەکی مەعریفی پڕدەکاتەوە لە ڕێگەی دابینکردنی داتای مەیدانیی ڕاستەوخۆ لەسەر تێکچونی فیزیکیی شوێنەوارەکانی شاری کفری، کە پێشتر لە لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکاندا بایەخی پێویستی پێنەدراوە. دەرەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەکرێت وەک سەرچاوەیەکی بڕیاردان و دارشتنی سیاسەتی نۆژەنکردنەوەی هاوچەرخ لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و شارەوانییەکانەوە بەکاربهێنرێت بۆ پاراستنی ناسنامەی شارەکە.

کێشەی توێژینەوە:

کێشەی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا چڕدەبێتەوە کە شوێنەوارەکانی شاری کفری ڕوبەڕوی مەترسییەکی جددیی مرۆیی بونەتەوە کە تەنها تێکدانی فیزیکی نییە، بەڵکو شێواندنی ناسنامەی مێژویی و کەلتوورییە بەهۆی نەبونی چاودێری و پەیڕەونەکردنی ستانداردە زانستییەکانی نۆژەنکردنەوە.

ئامانجەکانی توێژینەوە:

١-هەڵسەنگاندن و شیکارکردنی مەترسییە مرۆییەکانی سەر شوێنە شوێنەواری و کەلتوورییەکانی کفری و پێشنیاری چارەسەر بۆ پاراستنیان.

٢-خستنەڕوی کاریگەریی نەرێنیی دەستێوەردانی مرۆیی کە یەکێکە لەهۆکارە سەرەکییەکانی تێکدان و لەناوچونی شوێنەوار و کەلتور.
٣-دەرخستنی پاڵنەرەکانی دەستێوەردان و چالاکییە مرۆییەکان لە شوێنەوار و میراتی ڕۆشنبیریدا.
٤-دۆزینەوە و خستنەڕوی ڕێباز و ڕێگاچارەی پاراستنی بەهای مێژویی شوێنە شوێنەواری و کەلتوریی مەترسی لەسەرەکانی کفری.

گرنگیی توێژینەوە:

لەڕوانگەی خستنەڕوی ڕادەی مەترسیی مرۆیی لە نمونەی دەستێوەردان، بیناسازی ناڕێک و دور لە بنەمای شوێنەواری و کەلەپوری، هەوڵنەدان بۆ کاری پاراستنی بەردەوام و تێکدانی شوێنە شوێنەواری و کەلتوریی کان کە بەردەوام بازنەکەی فراوان دەبێت و کاریگەریی نەرێنی لەسەر مێژو و شوناسی ئەو میراتە ڕۆشنبیریی هەبوە؛ بەیەکەوە دەبنە خاڵی گرنگ بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە.

نوێکاریی توێژینەوە:

جیاواز لە توێژینەوە و وتارە مێژوییە پێشوەکان کە تەنها ئاستی وەسفییان هەبوە، نوێکاریی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا چڕدەبێتەوە، کە بۆ یەکەمجار داتای مەیدانیی نوێ و نوێکراوەی ساڵی ٢٠٢٤ بە بەکارهێنانی میتۆدی چەندایەتی دەخاتەڕو؛ لە ڕێگەی دیاریکردنی ڕێژەی وردی تێکچونی فیزیکیی ٣٢ خانوی کەلتوری لەسەر ئەرزی واقع، لەگەڵ پێوانەکردنی زانستییانەی ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵگا (لە ڕێگەی ٢٣٢ نمونەی ڕاپرسی کە پێوەرەکەی بڕوانامەی سەلماندنی ئەلفای کرۆنباخی ٧٢.٧٪ی هەیە). ئەم داتا مەیدانییانە بەردی بناغەی نوێ دەبن بۆ دامەزراوە بڕیاربەخشەکان بۆ دارشتنی پلانی بەپەلەی پاراستن.

میتۆدی توێژینەوە:

میتۆدی وەسفی-شیکاری لەم توێژینەوەیەدا بەکارهێنراوە. ئەم میتۆدەش یەکێکە لەو ڕێبازانەی توێژینەوەی زانستی کە بەئامانجی وەسف و شیکارکردن و خستنەڕوی دیاردەیەکی دیاریکراو بەڕێبازێکی ڕەخنەگرانە، لە زۆرینەی توێژینەوەکانی بواری مێژو و شوێنەواردا بەکاردەهێنرێت، ئەمەش لەپێناو گەیشتن بە کۆمەڵە ئەنجامێک، یان دیاریکردنی ئەو هۆکارانەی کە کێشەکەی لێکەوتوەتەوە.

پرسیاری سەرەکی توێژینەوە:

١-مەترسییە مرۆییە سەرەکییەکان (وەک فراوانبونی بیناسازیی نایاسایی و چالاکی کشتوکاڵی) چیین لەسەر ناسنامەی فیزیکیی شوێنەوارە دێرینەکانی کفری؟
٢-دۆخی پاراستن و شێوازی دابەشبونی خانوە کەلتوریی تۆمارکراوەکانی ناو شاری کفری بەپێی ئامارە مەیدانییەکان چۆنە؟
٣-ئاستی هۆشیاریی دانیشتوانی ناوخۆ بەرامبەر بە بەهای شوێنەوارەکان چۆنە، و چ جۆرە ڕێکارێکی یاسایی و کارگێڕی پێویستە لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە بگیرێتەبەر بۆ پاراستنیان؟

تەوەری دووەم: چوارچێوەی تیۆری

چەمکە سەرەکییەکان:

١-پێناسەی مەترسییە مرۆییەکان

تێکدان و لەناوبردنی شوێنە شوێنەواری و کەلتوریی کان و نەپاراستنیان دەبێتە هۆی زیانێکی گەورە کە شارستانییەتی مرۆڤایەتی تێکدەدات. چونکە، بێگومان مرۆڤ کاتێک ڕابردو و کەلتور و کەلەپور و شوناسە ڕۆشنبیری و شارستانییەکەی ون دەکات، ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر داهاتوی دەبێت (عبدالواحد، ٢٠١٩: ٥٣٥). لەدەستدانی هەر پارچە شوێنەوارێک لە کفری، تەنها زیان نییە بەو شارە، بەڵکو بڕینێکی قوڵە لە جەستەی شارستانیەتی مرۆیی، چونکە مێژوی مرۆڤایەتی زنجیرەیەکی پێکەوەبەستراوە.
تێکچون و لەناوچونی شوێنە شوێنەواری و کەلتوریی کان دەرەنجامی ئەو مەترسییانەن کە بەردەوامن لەسەریان. مەترسییەکانیش دابەش دەبن بۆ: مەترسی سروشتی و مەترسی مرۆیی.
مەترسی بەشێوەیەکی گشتی ڕوداوێکی ماددی چاوەڕوانکراوە، دیاردە یان چالاکییەکی مرۆیە کە هۆکارە لە لێکەوتنەوەی زیانی گیانی، یان بەرکەوتن، یاخود زیانگەیاندن بە دامودەزگا جیاوازەکان. دەتوانرێت پێناسەی مەترسییە کەلتوریی کانیش بەو شێوەیە بکرێت کە بریتییە لەو ڕوداوانەی کاریگەریی و گۆڕانکاری (کەمکردنەوە یان تێکدان) لە ڕەگەزەکانی بابەتە بەهادارەکان، یان هاوسەنگی ئیکۆلۆجی بینا و باڵەخانەیەکی کەلتوریدا دەکەن (الحلوجي، ٢٠٢٣: ٥).
مەترسییە مرۆییەکان کە دەرەنجامی چالاکییەکی مرۆییە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر تێکچونی شوێنە شوێنەواریی کان و ئەو بینا کەلتوریی-کەلەپوری و مێژوییانە بەجێدەهێڵێت کە تەمەنێکیان هەیە. ئەمەش دەستکاریکردنی هەڕەمەکی و ناشارەزایانەی بینا کەلتوریی کان، یان فراوانکردن و گۆڕینی شێواز و دیزاین دەگرێتەوە، کە لەدواجاردا کاریگەریی نەرێنی لەسەر مێژو و بەهای شوێنەواری و کەلتوریان دادەنێت و چاککردنەوە و پاراستنیشیان سەخت دەکات (ذهني، ٢٠٢١: ١٧٦٢).

بەردەوامبونی ئەم مەترسییانە بەبێ دۆزینەوەی رێگاچارە بۆ بەرلێگرتنیان و پاراستنی شوێنە شوێنەواری و کەلتوورییەکان سەر دەکێشێت بۆ (کارەسات Disaster). چونکە کارەسات کاتێک رووەدات کە مەترسییەکان و تواناکانی زیانگەیاندن (Vulnerability) بەیەک بگەن. ڕاگرتنی ئەگەری گواستنەوەی مەترسییەکانیش بۆ کارەسات بەشێوەیەکی سەرەکی پەیوەستە بە توانای کۆمەڵگا لەسەر چارەسەرکردنی فاکتەرەکانی مەترسییە بنەڕەتییەکان (صالح، ٢٠٢٠: ٤).

٢-شوێنە شوێنەواری و کەلتوورییەکان:

شوێن یان ڕووبەرێکی دیاریکراوە کە لەلایەن مرۆڤەوە و لە ماوەیەکی مێژوییدا دروستکراوە. ئەو شوێنە یان ڕووبەرە چ لەسەر زەوی بێت یان ژێر زەوی هەمان شتە. (مجاهد و عزالدين، ٢٠٢١: ٧٦٢). شوێنە شوێنەوارییەکان تەنها بریتی نین لە کارە تەلارسازییە مێژوییەکان، بەڵکو ئەو شوێنانەش دەگرێتەوە کە کارێکی بەهاداریان لەخۆگرتوە. هەروەها، وەسفکردنی شوێنە شوێنەوارییەکان تەنها بە ناوچە گەورە و فراوانەکانەوە ناوەستێت، بەڵکو ئەو بینا و کارە تەلارسازییە بچوکانە دەگرێتەوە کە بەپێی تێپەڕبونی ڕۆژگار بونەتە هەڵگری گرنگی و شوناسی ڕۆشنبیری و کەلتوری و خاوەنی ڕەوشێکی شارستانی تایبەتمەندن (ذهني، ٢٠٢١: ١٧٦٠).

لە یاساکانی شوێنەوارناسیی وڵاتاندا، پێناسەی جیاواز بۆ شوێنە شوێنەوارییەکان کراوە. لە یاسای شوێنەوارە کۆنەکانی عێراق ژمارە (٥٩)ی ساڵی (١٩٣٦) شوێنەوار بەو کەلوپەل و شوێن و بینایانە پێناسە کراوە کە مرۆڤ دروستی کردون و تەمەنیان لە ٢٠٠ ساڵ کەمتر نەبێت، یان مێژوەکەیان بگەڕێتەوە بۆ سەردەمە مێژوییە دێرینەکان و خاوەن گرنگییەکی تایبەت بن لە ڕوی مێژوی، زانستی، یان هونەرییەوە (العراق، ١٩٣٦). هەروەها، بەپێی یاسای شوێنەوار و کەلەپوری عێراق ژمارە (٥٥)ی ساڵی ٢٠٠٢؛ شوێنەوار بەگشتی بریتییە لەو مۆلک و ماڵە گوازراوە و نەگوازراوەی کە مرۆڤ دروستی کردوە، هەڵی کۆڵیوە، بەرهەمیهێناوە، نوسیویەتییەوە یان وێنەی کێشاوە و تەمەنی لە ٢٠٠ ساڵ کەمتر نەبێت (الوقائع العراقية، ٢٠٠٢). یاسای بەڕێوەبردن و پاراستنی شوێنەوار و کەلەپوری هەرێمی کوردستانیش هەمان پێناسەی بۆ شوێنەوار دارشتوە و کاری پێدەکات (وەقایعی کوردستان، ٢٠٢١).

بەڵام، شوێن و ناوچەی مێژوی بەپێی هەردو یاسای عێراق و هەرێمی کوردستانیش لە یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢١دا بەم شێوەیە پێناسە کراوە:"ئەو شوێنەیە کە جێگایەک بوە بۆ ڕوداوێکی مێژوی، نەتەوەیی و نیشتمانی گرنگ، یان بایەخێکی مێژوی پێدراوە" (وەقایعی کوردستان، ٢٠٢١ :١)، بەبێ لەبەرچاوگرتنی تەمەنەکەی (الوقائع العراقية، ٢٠٠٢).

ئەم شوێنە شوێنەوارییانە بەشێکیان بریتین لەبینا کەلتوورییەکان کە مولکی تایبەتن و هێشتا لەژێر دەستی خاوەنەکانیاندان. ئەو بینا کەلتوورییانە ئەوانە دەگرێتەوە کە خاوەنی بەهایەکی مێژوی، سیمبولی، تەلارسازیی هونەری، یان بیناسازی و کۆمەڵایەتین (الحلوجي، ٢٠٢٣: ٥).

شوێنی شوێنەواری ناونیشانی شارستانییەتە بە ئەرێنی و نەرێنییەوە. ڕەنگدانەوەی ئاستی پێشکەوتنی شارستانییەتی مەعنەوی و ماددیین لەهەر چەرخ و ماوەیەکی مێژوییدا (عبدالواحد، ٢٠١٩: ٥٣٥). لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هەڕەشە و کاریگەریی مەترسییەکانی سەر شوێنە شوێنەواری و کەلتوورییەکان لەسەر شارستانییەتی مرۆڤایەتی و مێژویش ڕەنگدەدەنەوە.

٣-پارێزگاری میرات و کەلتور:

میراتی شوێنەواری و کەلتوری یەکێک لە هێما سەرەکییەکانی گەشەکردنی مرۆڤە لەمێژودا. گوزارشت لەو توانایانە دەکات کە مرۆڤ لە زاڵبون بەسەر ژینگەی دەوروبەریدا پێی گەیشتوە. میرات مانەوەی شارستانییەتە لە پێشینانەوە بۆ نەوەکانی داهاتویان؛ ئەمەش تەنها لە زمان و وێژە و هزردا کورتنابێتەوە، بەڵکو هەمو ڕەگەزە ماددی و مەعنەوییەکانی کۆمەڵگا لە بیناسازی و هونەر و زانست و ئاین دەگرێتەوە (الحداد، ٢٠١٨: ١).

میراتی بیناسازیش کە هەمو ئەو بینا کەلتوری و شوێنەوارییانە دەگرێتەوە، کە لەناو کۆمەڵگادا بونیان هەیە بریتییە لە هەمو ئەو شار و دێهات و گەڕەک و بینا و تەلار و کۆشکانەی مرۆڤ دروستکردون و هەڵگری بەهایەکی مێژوی شوێنەواری، بیناسازی، تەلارسازی، ئابوری، مێژوی، زانستی و ڕۆشنبیرین (الحلوجي، ٢٠٢٣: ٥).

لە ڕوانگەی شوێنەوارناسیی هاوچەرخەوە، پاراستنی فیزیکی پێویستە هاوتەریب بێت لەگەڵ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا و پەرەپێدانی بەردەوامی شارەکان، تاوەکو گەشەی نوێ نەبێتە هۆی سڕینەوەی مێژوی دێرینی ناوچەکە.

ئەم میرات و شوێنە کەلتوورییانە لەو کەرتانەن کە بەردەوام لەژێر هەڕەشە و کاریگەری زۆرێک لە مەترسی و دەستێوەردانن. بۆیە، دەوڵەت و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان بارێکی گەورەیان دەکەوێتە سەرشان بۆ دانان و ئامادەکردنی پلانی داڕێژراو لەپێناو بەرەوڕوبونەوەی مەترسییەکانی سەر شوێنە شوێنەوارییەکان و میراتە کەلتوورییەکان و بەتایبەتیش مەترسییە مرۆییەکان کە لەتەشەنەکردندایە (عبدالواحد، ٢٠١٩: ٥٣٣).

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

٤-پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ شوێنە شوێنەواری و کەلتوورییەکان:

شوێنەوار و میراتی کەلتوری بایەخێکی گەورەی نێودەوڵەتی هەیە. بۆیە تەلارساز و شوێنەوارناسەکان بەردەوام لەهەوڵی دانانی پەیماننامە و پرۆتۆکۆلی تایبەتن بۆ پاراستنی ئەو شوێنە شوێنەواریانە و لەمەشدا رێکخراو و داودەزگا نێودەوڵەتییەکان پشتیان گرتون. (پەیماننامەی بوندقیە-ئیتالیا ١٩٦٤) لە یەکەمین پەیماننامەکانە کە بەشێوەیەکی ڕون بایەخی بە شوێنە شوێنەوارییەکان داوە. لە دوەم کۆنگرەی نێودەوڵەتیی تەلارسازەکانی شوێنە مێژوییەکان دارشتنەوەی بۆ کرا و بە پەیماننامەیەکی تایبەت بە پارێزگاری و نۆژەنکردنەوەی بینا و باڵەخانە کەلتوورییەکان دادەنرێت و ساڵی ١٩٦٥ لە ئەنجومەنی نێودەوڵەتیی شوێنەوار پەسەند کراوە.

لەماددەی شەشەمی ئەو پەیماننامەیەدا هاتوە:"پارێزگاری لە ناوچەیەکی شوێنەواری، دەخوازێت بایەخ بە دەوروبەرەکەی بدرێت. نابێت بینای تر لەدەوروبەری بڕوخێنرێت، یان دەستکاری بکرێت، یان دروستبکرێت کە کاریگەری لەسەر ڕەنگ و ئەندازەی ئەم ناوچە شوێنەواریە دروستبکات".

هەروەها، لەماددەی چواردەیەمی هەمان پەیماننامەدا هاتوە:"پێویستە ناوچە شوێنەواری و میراتە کەلتوورییەکان جێی بایەخپێدانی تایبەت بن بەمەبستی پاراستن و دڵنیابونەوە لەمانەوەیان بەشێوەیەکی شیاو" (ذهني، ٢٠٢١، ١٧٦٠).

سەرەڕای گرنگیی پەیماننامەی بوندقیە (ڤینیسیا، ١٩٦٤)، چەندین پەیماننامە و بەڵگەنامەی تری نێودەوڵەتی گرنگ لەم بوارەدا هەن کە پێویستە ئاماژەیان پێبکرێت؛ وەک بەڵگەنامەی ئەسینا (١٩٣١) کە یەکەم هەنگاوی نێودەوڵەتی بو بۆ نۆژەنکردنەوەی بینا مێژوییەکان، پەیماننامەی یونسکۆ بۆ پاراستنی میراتی جیهانی (١٩٧٢)، و بەڵگەنامەی نارا بۆ پاراستنی ڕەسەنایەتی لە نۆژەنکردنەوەدا (Jokilehto)،(28 :1999 .

تەوەری سێیەم: میتۆدی توێژینەوە

ناوچەی لێکۆڵینەوە:

کفری یەکیکە لە ناوچە ئاوەدانییە دێرینەکان لە عێراق و کوردستاندا. خاوەنی پێشینەیەکی شارستانی و مێژویی کۆنی چەند هەزار ساڵەی لەمەوبەرە.

کۆنترین شوێنەوارێکی ئەم شارە کە یەکەم شوێنی ئاوەدانیی کفری بوە بریتییە لە گردێک بەناوی (کفری کۆن-ئاسکی کفری) کە دەکەوێتە دوری (٨کم)ی باشور لە شوێنی ئێستای شارەکەوە و مێژوی دروستکردنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئاشوریەکان (باقر و سفر، ١٩٦٥: ٣٥). لەسەردەمی ئاشوری و بابلییەکاندا شارەکە بەناوی (کیرۆ)وە ناسراوە. لەهەزارەی یەکەمی پێش زایینداو واتا سەردەمی سۆمەرییەکان ناوی (کیماش) بوە (نەریمان، ١٩٩٤: ١١).

دوای خاپوربونی شارەکە لەو شوێنەیدا بەهۆی جەنگ و ململانێی هێزەکانی ئەو سەردەمە و کارەساتە سروشتییەکانەوە، شوێنکەوتەی شارەکە گۆڕاوە. لەناو دۆڵەکانی نزمە چیاکانی ڕۆژهەڵاتی ئێستایدا بوە (نەریمان، ١٩٩٤: ١١)، کە بە (قەرەئۆغڵان-دەهۆڵخانە) دەناسرێت. بەڵگەی هەرە دیاری ئەم قۆناغە بریتییە لە دۆزینەوەی دراوە ئەشکانییەکان و مۆرە ساسانییەکان، لەگەڵ بونی گۆڕە دەخمە تاشراوەکان لە دڵی شاخەکاندا کە گوزارشت لە باوەڕە ئاینییە کۆنەکانی ئەو سەردەمە دەکەن (محمود و ئەوانی تر، ٢٠٢٥).

بەڵام، ئاوەدانبونی شارەکە لە شوێنی ئێستایدا بۆ ماوەیەکی دور ناگەڕێتەوە. (نێیبور)ی گەشتیار کە هاتوەتە ناوچەکە (١٧٦٦ ز)، ناوی کفری بە شێوەی (کرفە) هێناوە و مێژوی ئاوەدانبون و بنیادنانەکەی لەم جێگایەدا بۆ سەردەمی خەلیفەکانی (عەباسی) گەڕاندوەتەوە (نیبور، ١٩٦٥: ٦٥). ئەگەر بەپشتبەستن بەو سەرچاوەیە مێژوەکە دیاری بکەین ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی (١٢٠٠) ساڵ لەمەوپێش.

بۆچونێکی تر پێوایە کە بونی شاری (کفری) لە شوێنی ئێستایدا بۆ نزیکەی ٨٥٠-٩٠٠ ساڵێک لەمەوبەر واتا سەدەی سیانزەیەمی زایینی و دەرکەوتنی ئایینی (یارسان-کاکەیی کە ئایینێکی دێرینی ناوچەکەیە و پێوەندییەکی تۆندوتۆڵی مێژویی لەگەڵ ناوچەی گەرمیان و لۆرستان هەیە) دەگەڕێتەوە (عزیز، ٢٠١٣: ٢٠).

کفری هەر لەدێرزەمانەوە ئاوەدان بوە و شارستانییەتی کۆن و دێرینی تیادا دامەزراوە و شاری گەشەسەندوی لەئامێزگرتوە. لەپێش زایینداو ناوی شارەکە بەچەند شێوازێک هاتوە لەوانە: لەسەردەمی ئیلامییەکاندا بە (کیپرات) و لای سۆمەرییەکان بە (کیماش) هاتوە (مستەفا، ٢٠٢٢). لەسەردەمی ئاشوریی نوێیشدا (لاخیرۆ، لاخیر) بوە (حنون، ٢٠٠٩: ٣١٢-٣١٣). بەهاتنی ئیسلام، ناوی ئەم شارە لە نوسراوەکاندا بە هیچ شێوەیەک دەرنەکەوتوە، هەتا ئەوکاتەی (شەرەفخانی بەدلیسی)ی مێژونوسی کورد لە کتێبی (شەرەفنامە)دا ئاماژەی بەناوی (کفری) کردوە (البدلیسی، ٢٠٠٩: ٢٧٢). لەسەردەمی عوسمانییەکانیشدا لەبەڵگەنامە فەرمییەکاندا ئەم شارە بەناوەکانی (کفری، سەڵاحیە، زەنگاباد) هاتوە (احمد و صابر، ٢٠٢٥: ١٠٢). بەتایبەت لە (ساڵنامەی ویلایەتی بەغداد) لە ساڵی ١٩٠٧دا کە تێیدا کفری وەک قەزایەکی گرنگ لە ژێر دەسەڵاتی ئیداریی سەنجەقی کەرکوک دیاریکراوە (بغداد، ١٩٠٧: ١٥٠).

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

کفری دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی باشوری پارێزگای کەرکوک و بەشی باشوری ڕۆژئاوای هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوای ئیدارەی گەرمیانەوە لە هەرێمی کوردستان. دەکەوێتە دامێنی چیای (باوەشاسوار)؛ ئەم چیایە بەشێکە لەو زنجیرە نیمچە شاخاوییانەی کە لە زنجیرە چیاکانی کەرکوکەوە بەرەو باشوری ڕۆژهەڵاتی شاری کفری درێژ دەبێتەوە. لەڕوی شوێنی گەردونییەوە دەکەوێتە نێوان بازنەی پانی (١٥ ٢٥، ٣٤) (٢٥ ١٠، ٣٥)ی باکوری هێڵی کەمەرەیی زەوی. نێوان هەردو هێڵی درێژی (٠٠ ٣٠، ٤٤) (٦٠ ١٥، ٤٥)ی ڕۆژهەڵاتی زەوی (بەرزنجی، ٢٠٢٥: ٥٤٤).

ئەم قەزایە کە ئێستا سەر بە ئیدارەی گەرمیانە، لە ڕوی کارگێڕییەوە هاوسنورە لە گەڵ هەندێ پارێزگای گرنگدا. لەباشوری ڕۆژهەڵاتییەوە ناوەندی شاری کەرکوکە بەدوری ١٢٠کم، لەباکورەوە ١٩٠ کم دورە لە ناوەندی پارێزگای سلێمانییەوە، لە باشوریشەوە لەگەڵ شاری بەعقوبە کە ناوەندی پارێزگای دیالەیە بە ١٢٥ کم دورە و بە زنجیرە چیای حەمرین و ناحیەی قەرەتەپە دەست پێدەکات و بەدوری ٢١٠کم لەبەغدای پایتەختەوە دورە (عبدالله و ئەوانی تر، ٢٠١٩: ٤٣١).

کفری دەوڵەمەندە بە پاشماوەی شوێنەواری و کەلتوریی جۆراوجۆر وەک (کۆشک، مزگەوت، گۆڕستان، گرد، گەرماو، قەیسەری، قشڵە، سەرا، ئارامگە–گۆڕەدەخمەکان و خان... هتد) (معروف، ٢٠١٠: ٢٩٥-٢٩٦). مێژوە دێرینەکەی بوەتە هۆکاری ئەوەی خاوەنی کۆمەڵێک شوێنی شوێنەواری و کەلتوری بێت. بەشێک لەو ناوچە شوێنەواری و کەلتوریانە تا ئێستا ماونەتەوە و بەشێکیشیان بەهۆکاری جیاواز ڕوخاون یان مەترسی و هەڕەشەی لەناوچونیان لەسەرە.

بون بە (کەلاوە) لە زۆرینەی شوێنە شوێنەواریەکانی کفریدا هەستی پێدەکرێت. کەلاوە شوێنەواریەکانی (کفری کۆن-ئاسکی کفری) لە دوری (٨کم) لە شوێنی ئێستای شارەکەوە و کەلاوەکانی (دەهۆڵخانە-قەرەئۆغڵان) لەنزیک کفری کە تیایدا پاشماوەی گۆزە و گەچ و بەرد و نەخشەسازی گەچینە دەبینرێت و پاشماوەی کەلاوەی شوێنەواریی (قەڵای کچان) بەشێکن لەنمونەی شوێنەوارە ڕوخاوەکان کە تەختی زەوی بون (باقر و سفر، ١٩٦٥: ٣٨). لەپاڵ ئەوانەشدا دەیان ناوچەی تری شوێنەواری و خانو و بینا و تەلاری کەلتوری لەناو شارەکەدا (لەشوێنی ئێستایدا) هەن کە مەترسی لەناوچونیان لەسەرە. لە نمونەی: کۆشکی مەجید پاشای بابان (کە یەکێک بوە لە کاربەدەستان و ڕوناکبیرانی دیاری بنەماڵەی بابانەکان لە کفری لە نێوان ساڵانی ١٨٦٠ تا ١٩٠٥)، ئاشی ئاوەکان (ئاسیاو)، سابات (ژێرتاقەکان)، گەرماو، قشڵە و چەندین خانوی کەلتوری تر کە لەکۆتاییدا هەڕەشەش دەبێت لەسەر مێژوی ناوچەکە.

مەترسییە مرۆییەکان:

کاریگەریی مەترسیی مرۆڤ لە تێکچون و تێکدانی شوێنە شوێنەواری و کەلتوریەکان لە کاریگەریی هۆکارە سروشتییەکان کەمتر نییە. سنوری ئەم مەترسییە مرۆییانە تەنها لە شێواندن و لەدەستدانی شوێنە شوێنەواری، مێژویی، کەلتوری و بیناسازییەکاندا ناوەستێت، بەڵکو کار لەسەر سڕینەوەی ناسنامە و شوناسی شوێنەوارەکەش دەکات (اسعد، ٢٠٢٥: ٢١٢)، دواتر هۆکار دەبێت لە لەدەستدانی بەهای مێژویی و سڕینەوەی بەشێک لە مێژوی ناوچە و شار و وڵاتێک. کەمی هۆشیاریی تاک و کۆمەڵگا لەبارەی بەها و گرنگیی شوێنی شوێنەواری و کەلتوری، فراوانبونی شار و چاکسازی و نوژەنکردنەوەی دور لەبنەمای شوێنەوارناسی، دەستێوەردانی بیناسازی، بەشێکن لەو هۆکارانەی کە کاریگەربونی مەترسییە مرۆییەکان لەسەر تێکچونی شوێنە شوێنەواری و کەلتوریەکان زیاتر دەکەن.

بەشێک لە شوێنە شوێنەواری و کەلتوریەکانی کفری بە کاریگەریی دەستێوەردانی مرۆیی تێکدراون، ڕوخاون و لەناوچون. ئەمەش پەیوەندی بە لاوازییەکی ڕێژەیی ئاستی هۆشیاری و ئاگایی پاراستنی شوێنەوار و کەلەپور لای کۆمەڵگای ناوخۆیی ناوچەکەوە هەیە دەربارەی مێژو، فەرهەنگ و شارستانی ڕابردو. کە وای کردوە زیادەڕۆیی بکرێتە سەر بینا کەلەپوریەکان و شوێنە کەلتوری و شوێنەوارییەکانی شارەکە (اسعد، ٢٠٢٥: ٢١٢). زۆرێک لە شوێنەوار و بینا کەلتوریەکانی کفری بەهۆی گەشەی شارستانی لەناو شارەکەدا (التطور العمراني)، و پشتگوێخستنیان لەلایەن فەرمانگە پەیوەندیدارەکانەوە، هەروەها ئەو کەمتەرخەمییە بەئەنقەستەی (الاهمال المتعمد) کە دەکرێتە سەر ئەم شوێنەوارانە؛ لەناوچون (عباس، ٢٠٢٥: ٦٢). بەتایبەتی لەگەڕەکە کۆنەکانی ئەم شارە، کە زۆرێک لە بینا کەلەپوری و کەلتوریەکان لەلایەن خودی خاوەن موڵکەکانەوە بەهۆکاری چاکسازی و نوژەنکردنەوەی بیناکان بە شێوازی بیناسازی نوێ، ڕوخێنراون یان تێکدراون و کاریگەریی لەسەر بەهای مێژوییان دروست کردوە.

هەرچەندە ئاستی هۆشیاریی تیۆری لای خەڵک بەرزە، بەڵام ئەمە نەبوەتە ڕەفتارێکی کرداری بۆ پاراستنی بیناکان، یان هۆشیاریی داموەزگاکان لە ئاستی پێویستدا نییە. زۆربەی بینا کەلتوریەکان بەهۆی کەمتەرخەمی لایەنە پەیوەندیدارەکان و نەبونی هۆشیاریی کەلتوری لای دانیشتوانی شارەکە، زیانیان بەرکەوتوە (عباس، ٢٠٢٥: ٦٥).

پشتگوێخستنی ئەو شوێنە شوێنەواری و کەلتوریانەی کفری لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت و کۆمەڵگای ناوخۆیی و خاوەن موڵکەکانەوە هۆکارێکی دیارە کە تێکچون و لەناوچونی بینای کەلتوری و شوێنە شوێنەواریەکانی شارەکەی لێکەوتوەتەوە.

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

ئەو مەترسییانە لەپاڵ هۆکارە سروشتی و ژینگەییەکاندا، هەڕەشەن لەسەر تێکچونی باری فیزیکی ناوچە شوێنەواری و کەلتوورییەکانی کفری کە دەرەنجامەکەی دەرکەوتوە. نەبونی چاودێری و کاری پاراستن و خاوەندارێتیکردنی مولکەکانیش بەشێکی تری مەترسییەکانن کە کاریگەریی لەسەر شوێنە شوێنەواریەکان هەبوە. نەریت و داخراوی کۆمەڵگا و پەنانەبردن بۆ یاسا کە رێگری لە تێکدانی شوێنەوار و میراتی ڕۆشنبیری شارەکە بکات، درێژەی مەترسییەکانن کە باری فیزیکی ناوچە شوێنەواری و کەلتوورییەکانیان تێکداوە (علی، ٢٠٠٥).

شوێنە شوێنەواری و کەلتوورییەکانی کفری و کاریگەریی مەترسییە مرۆییەکان:

بەپێی سەرنجدان و هەڵسەنگاندنی توێژەر و پشتبەستن بە دۆسیەکانی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار لە ناوچەکەدا، بەشێک لە شوێنە شوێنەواری و کەلتوورییەکان کە تایبەتمەندی کەلەپوری و شوێنەواریان تیادایە دەچنە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیە. لەخوارەوە زانیاری لەبارەی بەشێکیانەوە دەخەینەڕو.

یەکەم: شوێنەواری گردی کفری کۆن (ئاسکی کفری):

ئەمە کۆنترین شوێنی نیشتەجێبونە لە ناوچەکەدا و بە (کفریی کۆن) دەناسرێت.

مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئاشوریی نوێ (سەدەی ٨ تا ٧ی پ.ز). شێوازی گردەکە و پاشماوەکان ئاماژەن بۆ شارێکی دێرین کە قەڵایەکی سەربازی یان ناوەندێکی ئیداری بوە. شوێنی یەکەمی نیشتەجێبونی (کفری) بوە لەسەر گردێکی گەورە کە (١٠-١٢م) لەسەر ڕوی زەویەکەوە بەرزە دروست کراوە. (٨کم) لە شوێنی ئێستای کفرییەوە دورە و کەوتوەتە باشوری ڕۆژئاوایەوە (دەلۆ، ٢٠١٤: ٢٤). بڕوانە وێنەی ژمارە (١).

لە ڕێبەری شوێنەواردا ئاماژە بەوە کراوە کە ئەم گردە پاشماوەی تەلارسازی و دیواری تێدایە و پارچە گۆزەی سەردەمی پارتی (٢٤٧ پ.ز - ٢٢٤ز) و ساسانی (٢٢٤ز - ٦٥١ز) تێدا بەدی دەکرێت، واتە بەردەوامی ژیانی هەبوە (باقر و سفر، ١٩٦٥: ٣٨-٣٩).

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا (١٨٢٠)، ئەم گردە هێشتا بەرز و دیار بوە. ڕیچ (٢٠٠٨) دەڵێت: "گردێکی دەستکردی گەورەیە، دەوری بە پاشماوەی دیوار گیراوە و بەردی زۆر گەورەی تێدایە" (ریج، ٢٠٠٨، ٣٩). ئێستا بەهۆی دەستی مرۆڤەوە بچوک بوەتەوە و پاشماوەی دیواری دەوریشی پێوە نەماوە.

دەستکاریکردنی مرۆیی لەم شوێنەوارەشدا بە گەواهیی (ریچ) مێژوەکەی کۆنە. خۆی و تیمەکەی و "دەشتەکییەکان"ی ناوچەکە "بە هەڕەمەکی" هەڵکۆڵینیان کردوە و بەدوای پارچەی شوینەواریدا گەڕاون. "پارچەی گۆزە و ئێسک و پروسکی زۆری مرۆڤ"یان دۆزیوەتەوە و چەند جارێکیش بەردەوام بون لە هەڵکۆڵین و دەستکاریکردنی گردە شوێنەوارییەکە (ریج، ٢٠٠٨، ٣٩).

کنە و پشکنین لەم شوێنەوارەدا نەکراوە. لەدوای ساڵی (٢٠٠٣)یشەوە بە هۆی ئەوەی شوێنەکە کەوتوەتە ناوچە جێناکۆکەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی عێراقەوە، بۆیە لە ڕوی ئەمنیشەوە ناوچەیەکی سەقامگیر نەبوە و دور بوە لە دەستی پارێزگاریکردن لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی شوێنەوارەوەز لەبەر ئەوە دەستێوەردانی مرۆیی کاریگەریی نەرێنی زۆری کردوەتە سەر (علی، ٢٠٠٥).

لە ساڵی (٢٠٠٥)ەوە ئەم گردە شوێنەوارییە بوەتە مۆلگەی سەربازی. پێگە و بارەگای سەربازی و خاڵی ئێشکگری لەسەر دروست کراوە و بە ئاشکرا دەستدرێژی کراوەتە سەر و تێکدراوە. پاشماوەکانی شاری کفریی کۆن (ئاسکی کفری) بەتەواوی لەناوچون و لەگەڵ زەویدا تەخت بون، و ئەوەی ماوەتەوە خەریکە بەسەر دەچێت و لەناودەچێت بەهۆی ڕوداوەکان و فەرامۆشکردنەوە (عباس، ٢٠٢٥: ٦٩).



وێنەی ژمارە (١) گردی شوێنەواریی کفری کۆن لەئاسمانەوە (٢٠٢٣)



وێنەی ژمارە (٢) گردی شوێنەواریی کفری کۆن-کاری توێژەر

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

دووەم: شوێنەواری دەهۆڵخانە (قەرەئۆغڵان):

ڕووبەری ئەم شوێنە شوێنەوارییە (٥٤ دۆنم)ە. گرنگییەکەی لەوەدایە کە بە دووەم شوێنکەوتەی شاری کفری دادەنرێت لە ڕوی مێژوییەوە (واتە دوای ئاسکی کفری و پێش کفری ئێستا). بڕوانە وێنەی ژمارە (٣).

قەرەئۆغڵان پێشتر ناوی دەهۆڵخانە بوە، تورکە عوسمانییەکان ناوەکەیان گۆڕیوە بۆ قەرەئۆغڵان، کە بە واتای (کوڕە ڕەش) دێت. بە زمانی تورکی (قەرە-ڕەش) و (ئۆغڵان-کوڕ)ە. ئاماژەی بەوە داوە لەو شوێنەدا چەند جارێک سوپای بابانی و سوپای عوسمانی ڕووبەڕوی یەکتربونەتەوە و شەڕیانکردوە (نەریمان، ٢٠٢٥: ٨٢).

ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەم شوێنەوارە دوجار و بە دو ناوی جیا لە کتێبی (المواقع الاثرية فی العراق)دا تۆمارکراوە. یەکەمیان لە ١٩٤٣-٢-١، بە دۆسیەی ژمارە ١٨١ تۆمارکراوە. دووەمیشیان بەناوی (قەرەئۆغڵان) لە ١٩٤٥-٤-١٦ لە دۆسیەی ژمارە (٢٩٥دا تۆمار کراوە. بە بۆچونی ئەوان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئاشوریی نوێ (حمەشریف و قادر، ٢٠٢٥: ٣٠٠).


ئەم شارە مێژوییە لە سەردەمی خۆیدا ناوەندێکی ئاوەدان بوە. تەنانەت تا سەردەمی ئیسلامیش (سەردەمی ئومەوی) ژیانی تێدا بەردەوام بوە، چونکە دراوی سەردەمی ئومەوی بە ناوی (عبدالملك بن مروان) تێیدا دۆزراوەتەوە. (عزیز، ٢٠١٣: ١٩).

لە ساڵی ١٨٢٠، کاتێک (جەیمس ڕیچ) سەردانی کردوە، بینیویەتی کە خەڵکی ناوچەکە بە شێوەیەکی بەردەوام خەریکی هەڵکۆڵینن بۆ دۆزینەوەی (زێڕ و زیو). ڕیچ دەڵێت: "دەشتەکییەکان پێیان وتم کە زۆرجار لێرەدا دیزە و گۆزە دەدۆزنەوە کە پڕن لە دراوی کۆن و خشڵ". ئەمەش دەیسەلمێنێت کە تێکدانی ئەم شوێنە مێژوییەکی ٢٠٠ ساڵەی هەیە (ریچ، ٢٠٠٨.ل٤٠-٤٧). ڕیچ بۆ خۆیشی کۆمەڵێک کەسی لەگەڵدا بوە و هەڵکۆڵینیان لەشوێنەوارەکەدا کردوە و بەدوای پارچەی شوێنەواردا گەڕاون، ئەگەرچی کارەکەشیان زانستی نەبوە و بەشێک بوە لە دەستکاریکردنی تاکە کەسی (ریچ، ٢٠٠٨: ٣٥-٣٦).

سوهێل خورشید (٢٠١٣) لە کتێبێکیدا باس لەوە دەکات کە ساڵی (١٩٩٥)یش دەستدرێژی کراوەتە سەر ئەم شوێنەوارە و چەند کەسێک بە مەرامی دۆزینەوەی "خشڵ" یان "پارچەی شوێنەواری" شوێنەکەیان هەڵکۆڵیوە. هەندێک پارچە دۆزراوەتەوە و فرۆشراوە (عزیز، ٢٠١٣: ١٩).

لە دوای ساڵی (١٩٩٧)یشەوە لەبەر ئەوەی لایەنە حکومییەکانی پەیوەنددار بێدەنگییان نواندبو. هەروەها نەبونی هێڵی سنورداری ڕون بەدەوری شوێنەوارەکەدا، ئەم شوێنە شوێنەوارییە لەلایەن چەند کەسێکی دانیشتوی شارەکەوە وەک زەویی کشتوکاڵی بۆ بەرهەمهێنانی دانەوێڵەی (گەنم و جۆ) کێڵراوە. ساڵ لە دوای ساڵیش دوبارە بوەتەوە (کاکی، ٢٠٢٥). ئەمەش زیانی گەورەی بە شوێنەکە گەیاندوە و تێکی داوە. لە ساڵی (٢٠٢٤) بەدواوە ئەو کارە قەدەغە کراوە، بەڵام هیچ کەسێک ڕووبەڕوی لێپێچینەوەی یاسایی نەکراوەتەوە.

بۆ ئەوەی شوێنەکە بپارێزرێت لە دەستێوەردانی مرۆیی و تێکدان؛ بەڕێوەبەرایەتیی شوێنەوار و کەلەپوری کفری لە ساڵی (٢٠٢٤) تەلی ئاڵی وەک پەرژین بەدەوری شوێنەکەدا دامەزراند، بەڵام ئەوەش نەبوەتە چارەسەر بۆ پاراستنی و بەشێک لە تەلە پەرژینەکە لێکراوەتەوە (علی، ٢٠٠٥).



وێنەی ژمارە (٣) شوێنەواری دەهۆڵخانە لە ئاسمانەوە.

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

سێیەم: گۆڕەدەخمەکانی کفری

گۆڕەدەخمە (Rock-cut tomb) یان گۆڕی بەردینە، ژورێکی ناشتنی مردوو کە لە پێکهاتەیەکی بەردینەی سروشتی بەردەستدا داتاشراوە و دروستکراوە، جۆرێکە لە بیناسازیی بەردین لە نێو دڵی کێوێکدا. ئەو گۆڕانە زۆرجار وەک بەرد یان بەردی ڕامپ دەتاشرێن؛ بەڵام هەندێکجار لە ئاستی سەر زەویشدا دروست دەکرێن. ئەم گۆڕانە بۆ ناشتنی مرۆڤی دەوڵەمەند لە سەردەمە کۆنەکاندا و لە کەلتور و جوگرافیا جیاوازەکانی جیهاندا باو بوە (هاشمی، ١٣٩٢: فصل ٥). وشەی پەهلەوی دەخمە، بەجێماوی وشەی dafma، لە وشەی هیندۆئەوروپی dhmbh بە مانای ئەسپەردەکردن/ دەفن کردن لە فارسیدا، لە بنەڕەتدا بە مانای گۆڕ بوە (بویس، ١٣٨٦: ٣٧). ئەمانە گرنگترین بەڵگەی ئایینی و کەلتوری ناوچەکەن.

ئەم ئەشکەوتانە پەیوەندییان بە ئایینی زەردەشتییەوە هەیە. بەپێی بیروباوەڕی زەردەشتی، لاشەی مردو نابێت خاک یان ئاگر پیس بکات، بۆیە لاشەکەیان دەخستە بەر هەتاو و باڵندەکان (لە شوێنێک پێی دەوترا دەخمە)، دواتر ئێسکەکانیان لەناو ئەم گۆڕە بەردینانە (ئۆستودان) دەپاراست (محمود و ئەوانی تر، ٢٠٢٥: ٣٨٦-٣٩٤).

لە سنوری کفریدا کۆمەڵێک ئەشکەوت بەدی دەکرێت کە گۆڕەدەخمەیان تیادایە. مێژوی ئەم ئەشکەوتانە هاوکاتە لەگەڵ شاری دەهۆڵخانە، واتە گۆڕستانی دانیشتوانی ئەو شارە کۆنە بون. تا ئێستا کاری کنەوپشکنینی شوێنەوارپی بۆ ئەو ئەشکەوت و گۆڕەدەخمانەی کفری نەکراوە. بەڵام، سالّی (٢٠١٥) تیمێک لە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری گەرمیان ڕوپێوییەکی بەشێک لە گۆڕەدەخمەکانیان کردوە و لەدو کۆمەڵەدا تەنها (١٧) گۆڕەدەخمەیان لەو ئەشکەوتانەدا تۆمارکردوە (بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری گەرمیان، ٢٠١٥). بڕوانە وێنەی ژمارە (٤).

جگە لە (کلۆدیۆس جەیمس ڕیچ)ی شوێنەوارناس و گەڕیدە، هەر گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناسێکی تر کە هاتونەتە ناوچەکە، گرنگییان بەم (گۆڕەدەخمانە)ی کفری نەداوە و سەردانیان نەکردوە. سالّی (١٨٢٠ز) لەچوارچێوەی سەردانەکەیدا بۆ کفری، (جەیمس ڕیچ) ئەم گۆڕە دەخمانەی دیوە و ئاماژەی بەوە کردوە کە دانیشتوانی ناوچەکە پێیان وتوە "مالّی گاوران". شوێنەواری ئەم گۆڕەدەخمانە لەسەر بەردێکی گەورە بون، چوند گۆڕێکی ژور ئاسا بون، دەرگاکانیان نزم بون و لەناویاندا سێ شوێنی بچوک هەبوە لاشەی مردویان تیادا بوە، بناغەی گۆڕەکان لە بناغەی گۆڕی (ئەخمینی)یەکان دەچون (ریج، ٢٠٠٨: ٣٧). مێژوی دروستکردنیان دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەردەمی ئەشکانی (ئەخمینی) و سەرەتای سەردەمی ساسانی.

سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە نەبونی هۆشیاری و دەسەڵاتی شوێنەوار لە سەدەکانی ڕابردودا، وایکردوە ئەم گۆڕانە ببنە پەناگەی شوان و ڕێبواران، و زۆرێک لە نەخش و نیگارەکانیان تێکبچێت یان بەهۆی گەڕان بەدوای گەنجینەدا (کە لەم جۆرە گۆڕانەدا نییە) وێران کراون (محمود و ئەوانی تر، ٢٠٢٥: ٤٠٩). بڕوانە وێنەی ژمارە (٥).

ڕێوشوێنی پاراستن بۆ هیچ یەکێک لەم ئەشکەوت و گۆڕەدەخمانەی کفری نەگیراوەتە بەر، بەردەوامیش دەستدرێژی خەڵک بە بیانوی "گەڕان بەدوای زێڕ و زیو"دا زیانی پێگەیاندوە و وایکردوە بەشێکیان بەتەواوی تێکبدرێن و لەناوبرێن (علی، ٢٠٠٥).



وێنەی ژمارە (٤) ئەشکەوتی گۆڕەدەخمەی کفری-کاری توێژەر (٢٠٢٤)



وێنەی ژمارە (٥) گۆڕەدەخمەی کفری پاش تێکدان-کاری توێژەر

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

چوارەم: ئاسیاوەکان (ئاشی ئاو):

ئاسیاو یەکێکە لە لەگرنگترین یەکەکانی بیناسازی ئاوی کە مرۆڤ دروستی کردوە؛ بەتەوژمی ئاو کاریکردوە بۆ بەرهەمهێنانی ئارد. لەسەردەمی خۆیدا ئەم جۆرە ئاشە ئاوییانە لە قەراغی ئاواییەکاندا یان لەسەر ڕێگای کەناڵە ئاوییەکان لە نزیک شارەکاندا دروست دەکران.

کفری ناوبانگی (شاری ئاسیاوەکان)ی هەبوە، چونکە زیاتر لە (٢٠) ئاسیاوی تیادا بوە. ئەم ئاسیاوانە مێژوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی گەشەسەندنی ئابوریی عوسمانی لە سەدە مێژوییەکانی پێشودا و بەردەوام بون لە کارکردن تاوەکو نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم. زۆربەیان لە ناوچەکانی باکور و باکوری ڕۆژئاوای قەراغی شارەکەدا کۆببونەوە. لە دیارترین ئەو ئاشانەش کە هەڵگری ناوی کەسایەتییە ناسراوەکان بون، دەتوانرێت ئاماژە بە هەریەک لە ئاسیاوەکانی(قوشەچاپان، قەمبەر، قازی، موسا بەگ، ئیبراهیم سەنعەڵڵا (بلە)، وەستا نوری حەسەن، قەرە داگیرمان، ئەحمەد مەلا عومەر، نوری بەگ و قولەدار) بکرێت. (عباس، ٢٠٢٥: ٧١؛ غریب، ٢٠٢٥: ١٦٢-١٦٧).

سەرەڕای ئەم مێژوە دەوڵەمەندە، لە ئێستادا تەنها دو ئاسیاو لەو ناوچەیەدا ماونەتەوە. خاپوربون و لەناوچونی ئەم پێگە مێژوییانە بە ڕوبی دەرئەنجامی دەستێوەردان و کەمتەرخەمیی مرۆییە. قۆناغی یەکەمی لەناوچونەکە کاتێک دەستی پێکرد کە ئاشە کارەباییەکان بڵاوبونەوە و بونە جێگرەوەیان، ئەمەش بوە هۆی فەرامۆشکردنێکی تەواوەتیی ئاشە ئاوییەکان. دواتریش، لە پاڵ داڕمانیان بەهۆی هۆکارە سروشتییەکانەوە، دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی مرۆیی گورزی کۆتایی لەم ئاسەوارانە وەشاند؛ کاتێک بەشێک لە دانیشتوانی ناوچەکە دەستیان کرد بە هەڵوەشاندنەوە، تێکدان، و تاڵانکردنی پاشماوەی کەرەستەی بیناسازیی ئاشەکان، کە ئەمەش بوە هۆی سڕینەوەی یەکجاریی بەشێکی زۆری ئەو مێژوە. (عباس، ٢٠٢٥: ٧١).

بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری گەرمیان ساڵی (٢٠١٠) دو دانە لەو ئاسیاوانەی نۆژەنکردەوە. بەڵام یەکێک لە ئاسیاوەکان بەهۆی دەستێوەردانی مرۆیی تەخت کرا و ئێستا کراوە بە باخچە. ئەو دو ئاسیاوەش کە نۆژەنکرانەوە، تا ئێستا مەترسیی مرۆیی لەسەر کەم نەبوەتەوە و چەند جارێک دەرگایان شکێنراوە (علی، ٢٠٠٥). (بڕوانە وێنەکانی ژمارە ٦-٧)



وێنەی ژمارە (٦) ئاسیاوی قازی ساڵی ٢٠٠٨، کاری توێژەر



وێنەی ژمارە (٧) ئاسیاوی قازی ساڵی ٢٠٢٥، کاری توێژەر

پێنجەم: خانوە کەلتوریییەکان:

خانوە کەلتوری و کەلەپوریییەکان بەشێکن لە میراتی ڕۆشنبیریی ناوچەکە. لەڕوی مێژوی دروستکردن و بودنیانانی ئەم خانوە کەلتوریانەی کفرییەوە جیاوازی هەیە؛ بەشێکیان تەمەنی دەگاتە ١٠٠ ساڵ و کەمتر و زیاتریشیان تیادایە. ئەم خانوە کەلتوریانە خاوەندارێتیان تا ئێستا بۆ حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار کە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپورە، ناگەڕێتەوە. بەڵکو، بەناوی خاوەنەکانیانەوەن. ئەمەش هۆکارێک بوە کە توانای پاراستنیان نەبێت و مەترسیی تێکچون و لەناوچونیان زیاتر بکات.

لە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری کفری بەپێی تۆمارە ئەرشیفییە فەرمییەکان (٣٢) خانو و شوێنی کەلتوری وەک میراتی شارەکە تۆمار کراون (بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری کفری، ٢٠٢٥).

لەو ژمارەیەی لە دۆسیەکانی حکومەتدا تۆمار کراون (٧) دانەیان بەتەواوی ڕوخاون و نەماون. هەمو ئەوانەیشی کە (١٠٠%) ڕوخاون لەلایەن خاوەنەکانیانەوە ڕوخێنراون. هەروەها، (٩) دانەیان بونەتە کەلاوە و مەترسی لەناوچونیان هەیە. ڕێژەی ڕوخاوی ئەو خانوانەش لەنێوان (١٠%-٨٠%) دەبێت. ئەوەی دەمێنێتەوە کە لەناو دۆسیەکەی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواردا تۆمارن بریتین لە

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

(١٦) خانو کە هێشتا ماون و توانای پارێزگاری لێکردنیان هەیە؛ ڕێژەی تێکچونیان لەنێوان (٥%-١٠%) دەبێت (بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری کفری، ٢٠٢٥). بڕوانە خشتەی ژمارە (١)

مەترسی و دەستتێوەردانی مرۆیی کاریگەری لەسەر تێکچون و ڕوخانی ئەو بینا کەلتوریانەی کفری هەبوە. لەبەر ئەوەی خانوەکان مولکی خاوەنەکانیان بوە و حکومەت نەیتوانیوە خاوەندارێتییەکەیان وەربگرێت و قەرەبویان بکاتەوە، بۆیە ئەو خاوەن مولکانەش بەهۆکاری جیاواز بیناکانیان تێکداوە و ڕوخاندویانە.

بۆ نمونە لەڕابردودا زۆربەی خانوەکانی کفری سەردابیان هەبوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی خەڵکەکە بەبێ ڕەچاوکردنی مێژوەکەی، خانوەکانیان نۆژەنکردوەتەوە یان تێکداوە و سەرلەنوێ دروستیان کردوەتەوە، سەردابەکان ڕوخێنراون و تایبەتمەندییەکانیان سڕدراونەتەوە (عباس، ٢٠٢٥: ٦٤).

بیناسازی نوێ، نۆژەنکردنەوەی نازانستی و دور لە بنەما شوێنەوارییەکان، فراوانبونی شار، لەپاڵ نائاگایی و ناهۆشیاری خاوەن مولکەکان بەرامبەر بە سامانی نیشتمانی و میراتی ڕۆشنبیری و شوێنەوار بەشێک لە هۆکارەکانی ڕوخاندن و تێکدانی ئەو خانوە کەلتوریانەی کفری بوە (علی، ٢٠٠٥). ئەمە جگە لەوەی حکومەت و لایەنی پەیوەندداریش بەپێی یاسا بەرکارەکانی نەیتوانیوە ڕێگری لە تێکدان و ڕوخاندنی ئەو بینا کەلتوریانەدا بکات. (بڕوانە وێنەکانی ژمارە ٨-٩)



وێنەی ژمارە (٨) خاتویەکی کەلتوری ساڵی ٢٠٠٨، کاری توێژەر



وێنەی ژمارە (٩) خانویەکی کەلتوری ساڵی ٢٠٢٤، کاری توێژەر

ز	ژمارەی خانوی ڕوخاو	ژمارەی خانوی کەلاوە	ژمارەی خانوی ماوە
١	٧ دانە بەڕێژەی ١٠٠%	٩ دانە بەڕێژەی) ٣٠-٨٠(%	١٦ دانە بەڕێژەی) ٥-٢٠(%

خشتەی ژمارە (١) باری خانوە کەلتوریەکانی کفری، ئامادەکردنی توێژەر بەپشت بەستن بە دۆسیە و ئەرشیفی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری کفری و گەرمیان (سەردانی مەیدانیی توێژەر، ٢٠٢٣-٢٠٢٤) .

ئاڵەنگارییەکانی بەردەم پاراستنی شوێنە شوێنەواری و کەلتوریەکان:

پاراستنی میراتی شوێنەواری لە ناوچەیەکی مێژویی وەک کفری، ڕوبەڕوی کۆمەڵێک ئاڵەنگاری ئاڵۆز دەبێتەوە. دەکرێت گرنگترین ئاڵەنگارییەکان لەم خاڵانەدا کورت بکرێنەوە:

١.ئاڵەنگاری یاسایی و کارگێڕی:

سەرەڕای هەبونی یاسای پاراستنی شوێنەوار و کەلەپور لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢١، بەڵام گەورەترین ئاڵەنگاری بریتییە لە سستی لە جێبەجێکردنی یاساکەدا. زۆرجار بەهۆی هەژاری و بارودۆخی ئابوریی ناوچەکەوە، داموددەزگا پەیوەندیدارەکان چاوپۆشی لە زیدەڕۆیی هاوواڵتیان دەکەن بۆ ناوچە مێژوییەکان (وەقایعی کوردستان، ٢٠٢١). کێشەیەکی تر لە ئاڵەنگارییە کارگێڕییەکاندا، نەبونی هەماهەنگییە لە نێوان شارەوانی و فەرمانگەی شوێنەوار لە کاتی دانانی ماستەرپلان و مۆڵەتدان بە بینای نوێ لە تەنیشت ناوچە مێژوییەکان (احمد، ٢٠٢٢: ١٥-٣٠).

٢. ئاڵەنگاری ئابوری و خاوەندارێتی تایبەت:

زۆرینەی خانوە کەلەپوریەکانی کفری مولکی تایبەتی هاووڵاتیانن. ئاڵەنگارییەکە لێرەدا ئەوەیە کە حکومەت بودجەی پێویستی نییە بۆ کڕینەوەی ئەم خانوانە یان قەرەبوکردنەوەی خاوەنەکانیان. ئەمەش وای کردوە خاوەن قەبالەکان پەنا ببەنە بەر تێکدانی خانوەکان بە مەبەستی دروستکردنی بینای بازرگانی نوێ، چونکە هیچ سودێکی مادی لە مانەوەی خانوە کەلەپوریەکە وەک خۆی نابینن (محمد، ٢٠٢١: ٤٥-٦٠).

٣. ئاڵەنگاریی تەکنیکی و نۆژەنکردنەوەی نازانستی:

نۆژەنکردنەوەی شوێنەوار پێویستی بە پسپۆڕی ورد و کەرەستەی تایبەت هەیە. یەکێک لە ئاڵەنگارییە گەورەکانی کفری بەکارهێنانی کەرەستەی "نامۆ"یە وەک چیمەنتۆ و شیش لە نۆژەنکردنەوەی تاق و ساباتەکاندا. ئەمە نەک تەنها ڕەسەنایەتی بیناکە لەناو دەبات، بەڵکو لە ڕوی فیزاییەوە زیان بە تەمەنی بیناکە دەگەیەنێت چونکە لەگەڵ خشت و قورِدا ناگونجێت (احمد، ٢٠٢٢: ١٥-٣٠).

٤. ئاڵەنگاریی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی:

ئاڵەنگارییەکی تر کەمیی چالاکییە ڕۆشنبیری و پەروەردەییەکانە سەبارەت بە میراتی شارەکە. زۆرجار میراتی شوێنەواری تەنها وەک (کۆنەوار) دەبینرێت نەک وەک ناسنامەیەکی نەتەوەیی و سەرچاوەیەکی ئابووری گەشتیاری (صالح، ٢٠٢٠: ٨٨-١٠٥). ئەم تێڕوانینە وای کردوە کە هاوواڵتیان وەک پێویست خۆیان بە بەرپرسیار نەزانن لە پاراستنی ئەو ناوچانە.

ئامرازەکانی توێژینەوە:

ئامرازەکانی توێژینەوەیەکی زانستی زۆرن. لەم توێژینەوەیەدا ڕوپێویی مەیدانی کە بریتییە لە سەردانی توێژەر بۆ ناوچە شوێنەواری و کەلتوورییەکانی کفری بەکارهێناوە. جگە لەوە، ئامرازی پرسیارنامەش وەک یەکێک لەئامرازەکانی توێژینەوە بەکارهێناوە بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری و داتا و دواتر شیکردنەوەی ئەو زانیارییانە بەڕێگایەکی زانستی. ئەم ئامرازەش لەڕێگای دابەشکردنی فۆرمێکی ڕاپرسییەوە بەشێوەی (ئۆنلاین) ئەنجام دراوە.

١-ڕوپێوییە مەیدانییەکان:

ڕوپێوییە مەیدانییەکان لە ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستیدا ڕۆڵ دەگێڕن بۆ ساغکردنەوەی ڕاستێتی بابەت و هەروەها ڕاستێتی زانیارییە بەدەستهاتوەکان.

ئەم ڕێبازە بەیەکێک لە ئامرازە سەرەکییەکانی توێژینەوەی زانستی دادەنرێت بۆ کۆکردنەوەی داتا، زانیاری، بەڵگەنامە و توانای توێژەر لە شیکردنەوەی زانیارییەکان و دیاردەکاندا. بەتایبەتیش بۆ دەستکەوتنی زانیاری بەرچاوی لە کاریگەریی مەترسییەکان لەسەر ئەو ناوچانەی زیانیان بەرکەوتوە. هەروەها، دەتوانێت ببێتە ئامرازێک بۆ بەڵگاندنی ئەو سەرچاوانەی لە توێژینەوە زانستییەکاندا پشتیان پێدەبەستڕێت (شمیس و راجح، ٢٠٢٠: ٥٨).

بۆ بەدەستهێنانی داتای ڕاستەوخۆ و فەرمی، توێژەر لە ماوەی ساڵانی (٢٠٢٣ - ٢٠٢٤) زنجیرەیەک سەردانی مەیدانیی ڕاستەوخۆی بۆ بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری کفری ئەنجامداوە. لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕی فەرمی و پێداچونەوە بە دۆسیە و ئەرشیفەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکەدا، ئامار و زانیارییە سەرەتاییەکان سەبارەت بە شوێنە شوێنەوارییەکان و خانوە کەلتوورییە تۆمارکراوەکان وەرگیراون. جگە لەوەش، توێژەر ڕوپێویی بەردەوامی بۆ زۆربەی شوێنەکان کردوە و وێنەی گرتون (کە لە توێژینەوەکەدا بە هێمای "کاری توێژەر" ئاماژەیان پێکراوە)، لەگەڵ ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی زارەکی لەگەڵ بەرپرسانی شوێنەوار و کەسانی شارەزا لە ناوچەکەدا.

٢-فۆرمی پێوانەیی (ڕاپرسی):

ڕاپرسی لە توێژینەوی زانستیدا ئامرازێکە لە ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری لەو توێژینەوانەی کە وا پێویست دەکات ڕا و بۆچون و هەڵوێستی کۆمەڵێک کەسی تیادا وەربگیرێت. کۆکردنەوەی ئەو زانیارییانە یارمەتیدەر دەبێت لە دوپاتکردنەوە یان ڕەتکردنەوەی زانیارییە بەدەستهاتوەکانی تری چوارچێوەی توێژینەوەکە. ئەمە ڕێگایەکی بەربڵاوی زانستی ناو توێژینەوە زانستییەکانە (سعد، ٢٠٢٢: ١).

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری فۆرمی پێوانەیی (ڕاپرسی) بەشێوەی (ئۆنلاین) بەکارهێناوە. فۆرمەکە لە (١٠) پرسیار و لە (٤) بڕگەی جیاوازدا پێکهاتوە کە خراوەتە بەردەم کۆمەڵێک کەس لە ئاست و تەمەن و ڕەگەزی جیاواز. پاشان وەڵامی (٢٣٢) کەس بەشێوەیەکی دروست وەرگیراوە و شیکردنەوەیان بۆ کراوە.

-شیکاریی پرسیاری فۆرمی ڕاپرسی:

بۆ شیکردنەوەی داتا و زانیاری و وەڵامی ئەو کەسانەی کە فۆرمی پێوانەیی (ڕاپرسی)ی ئەم توێژینەوەیان پڕکردوەتەوە. توێژەر پڕۆگرامی (SPSS)ی وەک ڕێبازێکی ئاماریی پێشکەوتو بەکارهێناوە. لەپێناو دوپاتکردنەوەی ڕاستێتی ئەم پێوەرە و فۆرمی ڕاپرسییەکە؛ توێژەر ڕێگای (ئەلفا کرۆنباخ Cronbach's Alpha)ی بەکارهێنا لە ڕێگای (SPSS)ەوە. بۆیە بەهای ڕاستێتی پێوەرەکە لەو ڕێگایەوە بریتییە لە (٧٢.٧%) کە ئەمەش ڕاستێتی فۆرمەکە لە بەهایەکی بەرزدا دەسەلمێنێت.

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

١-زانیاریيە گشتییەکان:

لەڕێکخستن و خستنەڕوی پرسیارنامەی فۆرمی ڕاپرسیی توێژینەوەکەدا بەشی یەکەمی تەرخانکراوە بۆ زانیاریی گشتیی تایبەت بەو کەسانەی بەشداریيان کردوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ-ڕەگەز:

بەشدارانی ڕاپرسیی ئەم توێژینەوەیە زۆرینەیان لەڕەگەزی نێرن بەڕێژەی (٦٥.٢%) و ئەو ڕێژەیەی دەمێنێتەوە بریتییە لە ڕەگەزی مێ کە دەکاتە (٣٤.٨%). بڕوانە خشتەی ژمارە (٢):

ڕەگەز	ژمارەی بەشداربو	ڕێژە %
نێر	١٥١	%٦٥.٢
مێ	٨١	%٣٤.٨

خشتەی ژمارە (٢) ڕەگەزی نمونەی توێژینەوە پیشان دەدات.

ب-تەمەن:

زۆرینەی ئەو کەسانەی بەشداری ڕاپرسییەکە بون لەتەمەنی نێوان (٣١-٤٠) ساڵیدان کە (٧٦) کەسن و بەڕێژەی (٣٢.٩%) دێن. واتا توێژی گەنجان لەپلەی یەکەمی بەشداربوانن و وەڵامیان داوەتەوە. دوای ئەویش تەمەنەکانی نێوان (٤١-٥٠) ساڵی دێت کە بەڕێژەی (٢٦.٨%) بەشداریيان کردوە. ئەوانەیشی لە تەمەنی نێوان (٢٠-٣٠) ساڵیدان لەپلەی سێیەم دێن بەڕێژەی (٢٣.٨%). دوای ئەوانیش کەسانی تەمەن (٥١ ساڵ و زیاتر) کە ژمارەیان (٢٨) کەسن بەڕێژەی (١٢.١%) وەڵامی پرسیارەکانیان داوەتەوە و ڕێژەی ئەو کەسانەیشی کە تەمەنیان لە (٢٠ ساڵ کەمترە) بە ڕێژەی (٤.٣%) دێت لە پلەی پێنجەم و کۆتاییدا. بڕوانە خشتەی ژمارە (٣):

تەمەن	ژمارە بەشداربو	ڕێژە%	پلەی پرسیاری
کەمتر لە ٢٠ساڵ	٦	%٣.٤	پێنجەم
٢٠-٣٠ ساڵ	٥٥	%٨.٢٣	سێیەم
٣١-٤٠ ساڵ	٧٦	%٩.٣٢	یەکەم
٤١-٥٠ ساڵ	٦٧	%٨.٢٦	دوەم
٥١ ساڵ زیاتر	٢٨	%١.١٢	چوارەم

خشتەی ژمارە (٣) تەمەنی نمونەی توێژینەوە دەخاتەڕو

ج-ئاستی خوێندن:

لە خستنەڕوی ئەم پرسیارەدا (٦) ئاستی خوێندن دیاری کراوە. بەشدارانی ڕاپرسییەکە بە پلەی یەکەم لە ئاستی خوێندنی (بەکالۆریۆس)دان کە (٨٦) کەس لە کۆی (٢٣٣) کەسن بەڕێژەی (٣٧.٤%). ئەمەش ڕێژەیەکی نزم نییە و ئاستی هۆشیاری بەشدارانیش ڕون دەکاتەوە. هەروەها، لەپلەی دوەمدا ئەو کەسانەن کە ئاستی خوێندنیان بڕوانامەی (ماستەر)ە بەڕێژەی (٢٦.١%) بەشداری ڕاپرسییەکەن. ئاستی خوێندنی (دبلۆم)یش بەڕێژەی (٢٢.٦%) دێت و دوای ئەویش هەڵگرانی بڕوانامەی (دکتۆرا)یە بەڕێژەی (٩.١%). ئاستی خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی ڕێژەیەکی کەمترە لەوانەی پێشتر و لەپلەی (پێنجەم)ی وەڵامدەرەوەکانن کە دەکاتە ڕێژەی (٣.٩%). ئەوانەیشی ئاستی خوێندنیان (سەرەتایی)یە ئەوا بەڕێژەی (٠.٩%) بەشداری ئەم ڕاپرسییەن.

ئەم ئەنجامانە پیشانی دەدات کە ئەوانەی وەڵامی پرسیارەکانیان داوەتەوە زۆرینەیان لەئاستی خوێندنی بەرزدایە. بڕوانە خشتەی ژمارە (٤)

بڕوانامە	ژمارەی بەشداربو	ڕێژە%	پلەی پرسیاری
سەرەتایی	٣	%٩.٠	شەشەم
ناوەندی یان ئامادەیی	٩	%٩.٣	پێنجەم
بەکالۆریۆس	٨٦	%٤.٣٧	یەکەم
دبلۆم	٥٣	%٦.٢٢	سێیەم
ماستەر	٦٠	%١.٢٦	دوەم
دکتۆرا	٢٠	%١.٩	چوارەم

خشتەی ژمارە (٤) ئاستی خوێندنی نمونەی توێژینەوە دەخاتەڕو

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

٢-ئاگایی لەبارەی شۆنێنە شۆنێنەواری و کەلتوورییەکانی کفری:

هەرچەندە ئەنجامەکانی ڕاپرسییەکە دەریانخستوە کە ئاستی هۆشیاریی زانیاری (Cognitive Awareness) لای هاووڵاتیان بەرزە و زۆرینەیان درک بە گرنگیی میژوویی ناوچەکە دەکەن، بەڵام ئەمە ڕەنگی نەداوەتەوە لەسەر هۆشیاریی ڕەفتاری (Behavioral Awareness) و پابەندیی یاسایی. واتە خەڵکەکە تەنها دەزانن شۆنێنەکە گرنگە، بەڵام بە کردەیی زێدەڕۆیی دەکەنە سەر شۆنێنەوارەکان یان ڕێگری لە تێکدانی ناکەن. هەروەها داتاکان ئاماژە بەوە دەکەن کە کێشەی سەرەکی لە هۆشیاریی دامەزراوەیی (Institutional Awareness) دایە؛ واتە لایەنە حکومییەکان بە کردەیی یاساکانی شۆنێنەوار (وەقایعی کوردستان، ٢٠٢١) جێبەجێ ناکەن، سەرەڕای ئەوەی دەزانن ئەو شۆنێنانە مەترسییان لەسەرە.

لەم بەشەی پرسیارنامەکەدا تەنها (٢) پرسیار خراوەتەڕو لەبارەی زانینی ڕادەی ئاگایی و هۆشیاری نمونەی توێژینەوە لەسەر ناوچە شۆنێنەواری و کەلتوورییەکانی شاری کفری.

١-بەڕای تۆ شاری کفری خاوەنی ئەو ناوچە شۆنێنەواریانەیە کە پێگەی میژوویان هەیە؟

ئەو کەسانەی بەشداری ڕاپرسییەکەیان کردوە بە ڕێژەی زیاتر لە (٩٤%) پێیان وایە کە شاری کفری خاوەنی ئەو شۆنێنە شۆنێنەواری و کەلتوورییانەیە. لەگەڵ ئەوەشدا (١.٣%)ی بەشداران باوەڕیان پێچەوانەیە و زیاتر لە (٤%)یش نەگەیشتونەتە هیچ یەکێک لەو بڕوایانە. بڕوانە خشتەی ژمارە (٥):

بەڵێ	ڕێژەی%	نەخێر	ڕێژەی%	نازانم	ڕێژەی%
٢١٩	%٤.٩٤	٣	%٣.١	١٠	%٣.٤

خشتەی ژمارە (٥) ئاگایی نمونەی توێژینەوە لە شۆنێنە شۆنێنەواریەکانی شارەکە دەخاتەڕو

٢-ئایا سەردانی هیچ یەکێک لەناوچە کەلتوری و شۆنێنەواریەکانی کفریت کردوە؟

(٨٦.١%)ی بەشدارانی ڕاپرسی توێژینەوەکە سەردانی شۆنێنە شۆنێنەواری و کەلتوورییەکانی شارەکەیان کردوە. بەڵام، ڕێژەی (١٣.٩%)یش واتا (٣٣) کەس لە نمونەی توێژینەوە تا ئێستا سەردانیان نەکردوە. ئەمە دەریدەخات کە سەرەڕای ئەوەی زۆرینەی نمونەی توێژینەوە سەردانی ئەو شۆنێنە شۆنێنەواریانەیان کردوە. بەڵام، بەشێکی تریش هەن کە شۆنێنەکانیان نەبینیوە. ئەمەش کەمی ئاگایی، یان کەم خستنەڕوی ئەو شۆنێنە شۆنێنەواری و کەلتوورییانەی شارەکە دەردەخات بۆ کۆمەڵگا. بڕوانە خشتەی ژمارە (٦):

بەڵێ	ڕێژەی%	نەخێر	ڕێژەی%
١٩٩	%١.٨٦	٣٣	%٩.١٣

خشتەی ژمارە (٦) ڕادەی سەردانی نمونەی توێژینەوە بۆ شۆنێنە شۆنێنەواریەکانی شارەکە دەخاتەڕو:

٣-مەترسییە مرۆییەکان و کاریگەریی لەسەر شۆنێنە شۆنێنەواری و کەلتوورییەکانی کفری:

لەم بەشەی پرسیارنامەی ڕاپرسییەکەدا (٤) پرسیار خراوەتە بەردەم نمونەی توێژینەوە بەم شێوەیە:

أ-بەڕای تۆ هۆکاری سەرەکی تێکچون و لەناوچونی بەشێک لە شۆنێنەوار و شۆنێنە کەلتوورییەکانی کفری بۆ چی دەگەڕێتەوە؟

بەپێی وەڵامی بەشدارانی توێژینەوە بۆ ئەم پرسیارە دوبارەبوە دەریدەخات کە پشتگوێخستن و کارنەکردنی بەردەوام بۆ پاراستنیان، هۆکاری سەرەکی تێکچون و لەناوچونی شۆنێنە شۆنێنەواری و کەلتوورییەکانی شاری کفرییە؛ ڕێژەی (٩٣.٥%) ئەو وەڵامەی داوەتەوە. هەروەها، لەپلەی دوەمدا (٩٦)کەسی نمونەی توێژینەوە بە ڕێژەی (٤١.٦%) نائاگایی و کەمی هۆشیاری خاوەن موڵکە کەلەپوری و شۆنێنەوارییەکان لەبەهای شۆنێنەوار بەهۆکاری ئەو بابەتە دەزانن. دوای ئەوەش، ڕێژەی (٢٨.٦%) کەسیان نۆژەنکردنەوەی هەڕەمەکی و ئەو فراوانبونە بیناسازییەی کە ساڵ بەساڵ زیاتر دەبێت لە شارەکەدا بە هۆکاری سەرەکی دەزانن. ڕێژەی (١٦.٥%)یش فاکتەری سروشتی لەنمونەی بومەلەرزە و لافاو بەهۆکار دەزانن، ڕێژەی (١٢.٦%)ی نمونەی توێژینەوە دزینی شۆنێنەوار بە هۆکار دەزانن و دواتریش (٩.٥%) شەڕ و ململانێ چەکدارییەکان بەهۆکاری تێکچون و لەناوچونی شۆنێنەوارەکانی کفری دەزانن.

دەرەنجامی وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوە دەخوازێت کە حکومەت و کۆمەڵگای ناوخۆیی شارەکەش دەستتێوەردانی بەپەلە و پلانی خێرایان هەبێت بۆ پاراستنی ناوچە شۆنێنەواری و کەلتوورییەکانی کفری، چونکە هەردولا هۆکاری سەرەکی لەناوچون و تێکچونیانن. بڕوانە خشتەی ژمارە (٧):

ژ	بڕگەی (پرسیارە دوبارەبوەوەکان)	ژمارەی بەشداربو	ڕێژەی%	پلەی پرسیاری
١	پشتگوێخستن و نەبونی کاری پاراستنی بەردەوام	٢١٦	%٥.٩٣	یەکەم
٢	نۆژەنکردنەوەی هەڕەمەکی و فراوانبونی بیناسازی	٦٦	%٦.٢٨	سێیەم

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

٣	فاکتەری سروشتی (بومەلەرزە و لافاو و..هتد)	٣٨	%٥.١٦	چوارەم
٤	نائاگایی خاوەن موڵکەکان لە بەهای شوێنەوار و کەلتور	٩٦	%٦.٤١	دوەم
٥	شەڕ و ململانێ چەکدارییەکان	٢٢	%٥.٩	شەشەم
٦	دزینی شوێنەوار	٢٩	%٦.١٢	پێنجەم

خشتەی ژمارە (٧) هۆکارەکانی تێکچون و لەناوچونی ناوچە شوێنەواری و کەلتوریەکانی کفری

ب-باوەڕت وایە کۆمەڵگای کفری درک بە بەها و گرنگی شوێنە شوێنەواری و کەلتوریەکان دەکات؟

نمونەی توێژینەوە بە پلەی یەکەم و ڕێژەی (٤٨.٣%) وتویانە کۆمەڵگای ناوخۆیی شارەکە هۆشیاریەکی سنورداری بۆ شوێنە شوێنەواری و کەلتوریەکانی شارەکەی هەیە. ڕێژەی (٢٦.٥%)یش ڕای وایە کە هۆشیاریەکی کەم هەیە و لەئاستی پێویستدا نییە. لەپلەی سێیەمیشدا نمونەی توێژینەوە بە ڕێژەی (٢٠.٩%) وتویانە هۆشیاریەکی زۆر هەیە. دواجاریش، تەنها (١٠) کەس کە دەکاتە ڕێژەی (٤.٣%) لە نمونەی توێژینەوە وتویانە هۆشیاری پێویست نییە و دانیشتوانی شارەکە درک بە گرنگیی شوێنە شوێنەواری و کەلتوریەکانی شارەکەیان ناکەن. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە کۆمەڵگای ناوخۆیی شارەکە پێویستی بە هۆشاریەکی زیاتر هەیە لەبارەی بەها و گرنگی شوێنە شوێنەواری و کەلتوریەکانیەوە بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتو خەمی پاراستنیان هەبێت. بڕوانە خشتەی ژمارە (٨):

وەڵام	ژمارەی بەشداربو	ڕێژە%	پلەی پرسیاری
بەڵێ بەڕێژەیەکی زۆر	٤٨	%٩.٢٠	سێیەم
بەڵێ تا ڕادەیەک	١١١	%٣.٤٨	یەکەم
نەخێر هۆشیاریەکی کەم هەیە	٦١	%٥.٢٦	دوەم
نەخێر هۆشیاری نییە	١٠	%٣.٤	چوارەم

خشتەی ژمارە (٨) ڕادەی درککردن بە گرنگیی ناوچە شوێنەواری و کەلتوریەکانی کفری

ج-بەڕای تۆ باشترین چارەسەری بۆ زیادکردنی هۆشیاری خەڵک بەرامبەر شوێنەوار و کەلتور چییە؟

بایەخدانی کەرتی پەروەردە و فێرکردن بە شوێنەوارەکان و ناوچە کەلتوریەکان ڕێگایەکی گونجاوە بۆ زیادکردنی هۆشیاری خەڵک لەبارەیانەوە. بۆیە بەپێی ئەنجامەکانی ئەم ڕاپرسییە (٤٨.٣%)ی نمونەی توێژینەوە وتویانە دانانی میراتی کەلتوری لە پڕۆگرامەکانی خوێندنداً چارەسەرە لە کەمی هۆشیاریی خەڵکدا بەرامبەر بە شوێنەوار و شوێنی کەلتوری و کەلەپوری. هەروەها لە پلەی دوەمدا ڕێژەی (٢٦.٥%) ئەنجامدانی چالاکیی بەردەوام لەبواری شوێنەواردا بە چارەسەر دەزانن. ڕێژەی (٢٠%)یش هەڵمەتی هۆشیاری و ڕاگەیاندنیان پێ گرنگترە و دواتریش لەپلەی چوارەمدا ڕێژەی (٤.٣%)ی نمونەی توێژینەوە وتویانە کە دانانی یاسای توند بۆ ڕێگری لە ڕوخاندن و تێکدانی شوێنەوارەکان کاریگەریی ئەرێنی هەیە لە زیادکردنی هۆشیاری خەڵک. بڕوانە خشتەی ژمارە (٩):

ژ	بڕگەی (پرسیارە دوبارەبوەوەکان)	ژمارەی بەشداربو	ڕێژە%	پلەی پرسیاری
١	هەڵمەتی هۆشیاری و ڕاگەیاندن	٤٨	%٩.٢٠	سێیەم
٢	دانانی میراتی کەلتوری لە پڕۆگرامی خوێندندا	١١٢	%٣.٤٨	یەکەم
٣	ئەنجامدانی چالاکیی بەردەوام لەبواری شوێنەواردا	٦١	%٥.٢٦	دوەم
٤	دانانی یاسای توند بۆ ڕێگرتن لە ڕوخاندن و تێکدانی شوێنەوار	١١	%٣.٤	چوارەم

خشتەی ژمارە (٩) باشترین چارەسەر بۆ زیادکردنی هۆشیاری خەڵک لەبارەی ناوچە شوێنەواری و کەلتوریەکانەوە

د-بەڕای تۆ کێ بەرپرسە لەپاراستنی ناوچە شوێنەواری و کەلتوریەکان؟

پاش شیکردنەوەی داتا و زانیاریەکانی ئەم بڕگەیەی فۆرمی ڕاپرسیی توێژینەوەکە دەرکەوت کە لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت و خەڵک و دانیشتوان و ڕێکخراوە حکومی و ناحکومی و نێودەوڵەتییەکانیش بەیەکەوە بەرپرسیارێتی سەرەکییان لەسەرە لە پاراستنی شوێنە شوێنەواری و کەلتوریەکانی کفریدا. بۆیە (٦٦.٧%)ی نمونەی توێژینەوە وتویانە هەمو لایەک بەرپرسە. لەپلەی دوەمیشدا (٢٦%)ی بەشداران (حکومەت) بە بەرپرسیاری سەرەکی دەزانن. پاشان، (٣.١%)ی نمونەی توێژینەوە وتویانە خەڵک و دانیشتوان

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

بەرپرسیارێتییان لەسەرە. لە پلەی کۆتاییشدا (١.٢%) بەپرسیارێتی پاراستنی شوێنە شوێنەواری و کەلتوورییەکان دەخەنە ئەستۆی رێکخراوە رۆشنبیری و نێودەوڵەتییەکان. بڕوانە خشتەی ژمارە (١٠):

ژ	بڕگە	ژمارەی بەشداربو	ڕێژە%	پلەی پرسیاری
١	حکومەت	٦٧	%٢٦	دوەم
٢	خەڵک و دانیشتوان	١٥	%١.٣	سێیەم
٣	رێکخراوە رۆشنبیری و نێودەوڵەتییەکان	٥	%٢.١	چوارەم
٤	هەمولایەک بەڕپرسە	١٥٥	%٧.٦٦	یەکەم

خشتەی ژمارە (١٠) ڕادەی بەرپرسیارێتی پاراستنی ناوچە شوێنەواری و کەلتوورییەکانی کفری

پێشنیار و ڕاسپاردەکان

بۆ تێپەڕاندنی قۆناغی پێشنیارە گشتییەکان، ئەم توێژینەوەیە چەند ڕاسپاردەیەکی کۆنکرێتی و کرداری بۆ شاری کفری دەخاتەڕو:

١-چارەسەری خێرای کێشەی خانوە کەلتوورییەکان (ئەوانەی ماونەتەوە):

پێویستە لایەنی پەیوەندیدار لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان بەستنەوەی یاسایی بکەن؛ بە شێوەیەک کە ئەو چەند خانوە کەلتوورییەی کە تا ئێستا بە پێوە ماون، لە خاوەنەکانیان بکڕدرێنەوە لە ڕێگەی قەرەبوکردنەوەی دارایی شیاو یان زەوی جێگرەوە. لە ئەگەری نەبونی بودجەدا، سیستمێکی "هاوبەشێتی گشتی-تایبەت Public-Private) " (Partnershipدابڕێژرێت کە ڕێگە بە کەرتی تایبەت بدات ئەم خانوانە بەکاربهێنێتەوە بۆ مەبەستی گەشتیاری و کەلتوری (وەک ڕێستورانت یان مۆزەخانەی کەلتوری) بە مەرجی پاراستنی شێوازی بیناسازییە بنەڕەتییەکەی.

٢-پاراستنی فیزیکیی خێرای گردی کفری کۆن و دەهۆڵخانە:

پێویستە بە شێوەیەکی خێرا شورایەکی پاراستنی شوێنەواری گردی کفری کۆن و دەهۆڵخانە بکرێت بۆ ڕێگریکردن لە هەر دەستدرێژییەکی نوێی کشتوکاڵی یان بیناسازی. هەروەها حکومەتی خۆجێی هێزێکی چاودێڕی گەڕۆک لەو شوێنانە جێگیر بکات بۆ ڕێگریکردن لە هەڵکەندنی نایاسایی کە بە مەبەستی دۆزینەوەی گەنجینە ئەنجام دەدرێت.

٣-چارەسەرکردنی کێشەی زەوی هاوسنور لەگەڵ دەهۆڵخانە:

پێویستە هێڵێکی سنورداری دیاریکراو لە نێوان زەویە شوێنەواریەکانی دەهۆڵخانە و زەویە کشتوکاڵییەکانی دەوروبەریدا بکێشرێت، هۆشیاری بدرێتە جوتیارەکان کە کێڵانی زەوی لەو سنورەدا زیان بە مێژوی شارەکە دەگەیەنێت، لەگەڵ پێشکەشکردنی هاوکاریی تەکنیکی بۆیان.

بەپێی دەرەنجامەکانی پرسیارنامەی فۆرمی ڕاپرسیی ئەم توێژینەوەیەدا، پاش شیکارکردنی وەڵامەکانی ئەو پرسیارەی کە تایبەت کراوە بە ڕێکارە پێویستەکانی پاراستنی شوێنە شوێنەواری و کەلتوورییەکانی شاری کفری، دەرکەوت (٦٧.٢%) پشتیوانیی پرۆژەی نۆژەنکردنەوە و پاراستنی شوێنەوارەکان دەکەن و (٦٥.١%) زیادکردنی هۆشیاریی بەها و گرنگیی شوێنەوار لەلای کۆمەڵگا بە ڕێکارێکی پێویست دەزانن. (٥٧.٢%) دانانی یاسای توند بۆ پاراستنی ئەو شوێنەوار و شوێنە کەلتوری و کەلەپوریانە بە گرنگ دەزانن و لە پلەی چوارەمیشدا (٤٥.٩%) ڕێکاری بەشداری پێکردنی خەڵک لە پاراستنی شوێنەوار و شوێنە کەلتوورییەکاندا بە ئەرێنی دەزانن. بڕوانە خشتەی ژمارە (١١).

ژ	بڕگەی (پرسیارە دوبارەبووەکان)	ژمارەی بەشداربو	ڕێژە%	پلەی پرسیاری
١	زیادکردنی هۆشیاری بەهاو گرنگیی شوێنەوار	١٤٩	%١.٦٥	دوەم
٢	دانانی یاسای توند بۆ پاراستنیان	١٣١	%٢.٥٧	سێیەم
٣	پشتیوانیی پرۆژەی نۆژەنکردنەوە و پاراستن	١٥٤	%٢.٦٧	یەکەم
٤	بەشداریێکردنی خەڵک لە پاراستنیاندا	١٠٥	%٩.٤٥	چوارەم

خشتەی ژمارە (١٠) ڕادەی بەرپرسیارێتی پاراستنی ناوچە شوێنەواری و کەلتوورییەکانی کفری

ئەنجام

١-چالاکییە مرۆییەکان و دەستتێوەردانی ڕاستەوخۆی مرۆڤ لە نمونەی گۆڕانکاری شێوازی بیناسازی، نۆژەنکردنەوەی هەڕەمەکی و دور لە بنەمای شوێنەواری و کەلتوری هۆکاری ڕاستەوخۆ و کاریگەرن لە تێکدان و تێکچونی بەشێکی زۆر لە شوێنە شوێنەواری و کەلتوورییەکانی شاری کفری.

٢-پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ بەدی دەکرێت لە نێوان فراوانبونی هاوچەرخی شار و لەناوچونی فیزیکیی شوێنەوارەکان، بەجۆرێک کە چالاکیی مرۆیی هۆکاری سەرەکیی تێکدانی ٨٠٪ی شوێنەوارەکانە.

٣-زۆرینەی خەڵک و خاوەن مواڵکەکان خانوە میژوییەکان تەنها وەک موڵکی بازرگانی دەبینن نەک میراتی نیشتمانی، کە ئەمەش هۆکارە بۆ تێکدانی ٥٠٪ی خانوە کەلتوورییە دێرینەکان لە کفری (تەنها ١٦ خانو لە کۆی ٣٢ خانو ماونەتەوە).

٤-چارەسەرکردنی کەمتەرخەمیی ئیداری و جێبەجێکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکان زۆر خێراتر و کاریگەرتەر دەبێت لە پاراستنی شوێنەکان بەراورد بە هۆکارە سروشتییەکانی تر.

٥-بەهۆی تێکچون و ڕوخان و لەناوچونی ئەو شوێنە شوێنەواری و کەلتوری و کەلەپوورییانەی شاری کفرییەوە، میژوی ناوچەکەش کەوتوەتە بەردەم مەترسی لەدەستدانی بەهاکەی و ئالۆزبونی بۆ داهاتو.

سەرچاوەکان:

احمد، س. (٢٠٢٢) "نۆژەنکردنەوەی میراتی بیناسازی و پاراستنی ناسنامەی شارە دێرینەکان"، *گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان*، ٢٤(٢)، ص ١٧٦١-١٧٧٨.

احمد، س.ح. و صابر، د.م. (٢٠٢٥) "کفری لە نوسین و بەرهەمی ڕۆژئاوایيەکاندا"، *گۆڤاری زانکۆی سلێمانی (ژمارەی تایبەت بە کۆنفرانسی کفری)*، ص ٩٩-١٢٨.

اسعد، ج.ج. (٢٠٢٥) "بیناسازی کەلەپوری شاری کفری لەنێوان تێکچون و نۆژەنکردنەوە و پاراستن"، *گۆڤاری زانکۆی سلێمانی (ژمارەی تایبەت بە کۆنفرانسی کفری)*، ص ٢٠١-٢٢٠.

البدليسي، ش. (٢٠٠٩) *شرفنامه*. ترجمة م.ع. عونى. دمشق: دار الزمان للطبع والنشر.

الحداد، ع.ع.ح.س. (٢٠١٨) "محددات الزحف العمراني على المناطق الاثرية في اقليم الجبل الاخضر-ليبيا"، *مجلة البحث العلمي في الاداب*، (١٩)، ص ١-٣٣.

الحلوجي، ك.م. (٢٠٢٣) "منهجية لبناء مرونة النطاقات التراثية فى مواجهة مخاطر الكوارث"، *Journal of Urban Research* ، ٤٧(٢)، ص ١-٢٢.

العراق، ق. (١٩٣٦) *قانون الآثار القديمة رقم ٥٩ لسنة ١٩٣٦* .

الوقائع العراقية (٢٠٠٢) *قانون الاثار و التراث (رقم ٥٥ لعام ٢٠٠٢)*، ٣٩٥٧ .

باقر، ط. و سفر، ف. (١٩٦٥) *المرشد الى موطن الاثار و الحضارة*. بغداد.

بغداد، و. (١٩٠٧) *ولاية بغداد سالنامة سى*. بغداد: مطبعة الولاية.

بەرزنجی، م.ج.م. (٢٠٢٥) "جۆرەکانی هونەری نەخش و نیگار لەشاری کفری (توێژینەوەیەکی مەیدانییە) نمونەی هەڵبژێردراو"، *گۆڤاری زانکۆی سلێمانی (ژمارەی تایبەت بە کۆنفرانسی کفری)*، ص ٥٤١-٥٧٠.

بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری کفری (٢٠٢٥) "دۆسیەی خانوە کەلەپوورییەکان". کفری.

بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری گەرمیان (٢٠١٥) "دۆسیەی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری گەرمیان، بەشی پشکنین". گەرمیان.

بویس، م. (١٣٨٦) *مزدیسنان، باورها و آداب دینی آن‌ها*. ترجمة ع. بهرامی. تهران: انتشارات ققنوس.

حمەشریف، م.ج.ش. و قادر، ز.ع. (٢٠٢٥) "ڕوپێویەکی سەرەتایی بۆ شوێنەواری گردی قەرەئۆغلان"، *گۆڤاری زانکۆی سلێمانی (ژمارەی تایبەت بە کۆنفرانسی کفری)*، ص ٢٩٧-٣١٨.

حنون، وائل. (٢٠٠٩) *مدن قديمة ومواقع أثرية*. دمشق: دار الزمان للطبع والنشر.

دەلۆ، ح.ئ.خ. (٢٠١٤) *ناوچەی کفری لە نێوان ساڵانی (١٩١٤–١٩٤٥)*. هەولێر: چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین.

ذهني، هـ.ا.ع.ع. (٢٠٢١) "التجميل البيئي المستدام في المناطق الاثرية"، *مجلة العمارة والفنون والعلوم الانسانية*، (عدد خاص ٢)، ص ١٧٥٨-١٧٧٤.

ريج، ک.ج. (٢٠٠٨) *رحلة ريج المقيم البريطانى فى العراق عام ١٨٢٠ الى بغداد-كردستان-ايران*. ترجمة ب. نورى.

سعد، ى. (٢٠٢٢) *الاستبيان في البحث العلمي، موقع دراسة*. موجود في) https://drasah.com/ :تاريخ الوصول: 7 أكتوبر، 2025.(

شميس، ع.أ.م. و راجح، ب.م. (٢٠٢٠) "دور الملاحظة الميدانية فى جمع البيانات النوعية"، *مجلة جامعة البيضاء*، ٢(٣)، ص ٢٣-٥٦.

صالح، ح. (٢٠٢٠) "ئاڵەنگاریيەکانی بەردەم پاراستنی شوێنەوار لە ناوچەی گەرمیان"، *گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی*، ١٢(٤٥)، ص ٨٨-١٠٨.

عباس، م.ع.خ. (٢٠٢٥) *تخطيط وعمارة المباني الاثرية والتراثية الاسلامية في قضاء كفري*. Thesis. جامعة بغداد.

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

عبدالله، ه.ا.ک.، عبدالله، ا.ع. و علی، خ.و. (۲۰۱۹) "شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ پەرەپێدانی کەرتی گەشتوگوزار لە قەزای کفری"، *گۆڤاری زانکۆی گەرمیان*، (ژمارەی تایبەت)، ص ٤٣٠-٤٥١.
عبدالواحد، ح.ح. (۲۰۱۹) "المخاطر و الانتهاکات التی تتعرض لها المواقع الاثریة و التراثیة وتأثیرها فی السیاحة"، *مجلة القادسیة للعلوم الانسانیة*، ۲۲(۱)، ص ۲۱۱-۲۳٤.
عزیز، س.خ. (۲۰۱۳) *مێژوی ناوچەی کفری لە کۆنەوە تا ساڵی ۱۹۵۸* . سلێمانی.
علی، ع.م. (۲۰۰۵) "چاوپێکەوتن لەگەڵ عبید محمد علی."
غریب، ع.ه.م. (۲۰۲۵) "ئاسیاوی قازی لەکفری توێژینەوەیەکی (مەیدانی-شیکاری)"، *گۆڤاری زانکۆی سلێمانی (ژمارەی تایبەت بە کۆنفرانسی کفری)*، ص ١٦١-١٧٤.
کاکی، ج.ح. (۲۰۲۵) "چاوپێکەوتن لەگەڵ جبار حسن کاکی."
مجاهد، ل. و عزالدین، ب. (۲۰۲۱) "أثر التوسع العمرانی علی المواقع الاثریة"، *مجلة العبر للدراسات التاریخیة و الاثریة فی شمال افریقیا*، ٤(۲)، ص ٧٥٦-٧٧٧.
محمد، ر. (۲۰۲۱) "میراتی بیناسازی و کاریگەریيە مرۆییەکان لەسەر ناوچە مێژوییەکان"، *گۆڤاری تۆێژەر*، ٤(۲).
محمود، س.ک.، ئەحمەدی نیا، ر. و غفور، س.ص. (۲۰۲۵) "گۆڕەدەخمەکانی کفری و ساغکردنەوەی مێژویان"، *گۆڤاری زانکۆی سلێمانی (ژمارەی تایبەت بە کۆنفرانسی کفری)*، ص ۳۸۵-٤١٣.
مستەفا، س.ک. (۲۰۲۲) "ناوچەی گەرمیان لە نیگای بەشێک لەگەڕیدە و کوردناسانەوە"، *گۆڤاری زانکۆی گەرمیان*، ۹(٤)، ص ۸۳۲-۸۵۱.
معروف، ک.ن. (۲۰۱۰) *کۆمەڵێک شوێنەواری دێرینی بەر لە مێژوی کوردستان*. سلێمانی: چاپخانەی کمال.
نەریمان، م. (۱۹۹٤) *بیرەوەرییەکانی ژیانم*. بغداد: دار الحریة للطباعة.
نەریمان، م. (۲۰۲۵) *شۆڕشی ئیبراهیم خانی دەلۆ ۱۹۲۰* . چوارەم. سلێمانی: چاپخانەی کارۆ.
نیبور (۱۹٦۵) *رحلة نیبور الی العراق فی القرن الثامن عشر*. ترجمة م.ح. الامین. بغداد.
هاشمی، س. (۱۳۹۲) "فصل ۵: آرامگاههای زیرزمینی"، *درخشش تمدن در اعماق زمین*. تهران: انتشارات شادرنگ.
وەقایعی کوردستان (۲۰۲۱) *یاسای بەرێوەبردن و پاراستنی شوێنەوار و کەلەپور (یاسای ژمارە ۵ی ۲۰۲۱)*، ۲٦۸ .
Jokilehto, J. (1999) *A History of Architectural Conservation*. Butterworth-Heinemann.

سەرچاوەی وێنەکان:

-وێنەی ژمارە ۱: https://earth.google.com/web/@34.62919867,44.89898258
-وێنەی ژمارە ۲: https://earth.google.com/web/@34.69215369,44.97776514,238

پاشکۆ:

لیستی پرسیارەکان:

۱-زانیاری گشتی:

ز	پرسیار	هەڵبژاردە				
۱	ڕەگەز	نێر			مێ	
۲	تەمەن	کەمتر لە ۲۰ ساڵ	۲۰-۳۰	۳۱-٤۰	٤۱-۵۰	۵۰ ساڵ زیاتر
۳	ئاستی خوێندن	سەرەتایی یان کەمتر	ناوەندی یان ئامادەیی	بەکالۆریۆس	دبلۆم	ماستەر	دکتۆرا

۲-ئاگایی لەبارەی شوێنە شوێنەوارییەکانی کفرییەوە:

ز	پرسیار	هەڵبژاردە		
۱	بەڕای تۆ شاری کفری خاوەنی ئەو ناوچە شوێنەوارییانەیە کە پێگەی مێژوییان هەیە؟	بەڵێ	نەخێر	نازانم
۲	سەردانی هیچ یەکێک لەناوچە کەلتوری و شوێنەوارییەکانی کفریت کردوە؟	بەڵێ	نەخێر	

۳- مەترسییە مرۆییەکان و کاریگەریی لەسەر ناوچە شوێنەواری و کەلتورییەکانی کفری:

ز	پرسیار	هەڵبژاردە					
۱	بەڕای تۆ هۆکاری سەرەکی تێکچون و لەناوچونی بەشێک لە شوێنەوار و شوێنە کەلتورییەکانی کفری بۆچی	پشتگوێخستن و نەبونی کاری	نۆژەنکردنەوە ی هەڕەمەکی و	فاکتەری سروشتی	نائاگایی خاوەن مولکەکان لە بەهای	شەڕ و ململانێ چەکدارییەکان	دزینی شوێنەوار

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

	دەگەڕێتەوە؟ (دەتوانیت لەوەڵامێک زیاتر هەڵبژێریت)	پاراستنی بەردەوام	فراوانبوونی بیناسازی	(بومەلەرزە و لافاو و..هتد)	شوێنەوار و کەلتور		
٢	باوەڕت وایە کۆمەڵگای کفری درک بە بەها و گرنگی شوێنە شوێنەواری و کەلتوریییەکان دەکات؟	بەڵێ بەڕێژەیەکی زۆر	بەڵێ تا ڕادەیەک	نەخێر، هۆشیارییەکی کەم هەیە	نەخێر، هۆشیاری نییە		
٣	بەڕای تۆ باشترین چارەسەری بۆ زیادکردنی هۆشیاری خەڵک بەرامبەر شوێنەوار و کەلتور چییە؟ (دەتوانیت زیاتر لە وەڵامێک هەڵبژێریت)	هەڵمەتی هۆشیاری و ڕاگەیاندن	دانانی میراتی کەلتوری لە پرۆگرامی خوێندندا	ئەنجامدانی چالاکیی بەردەوام لەبواری شوێنەواردا	دانانی یاسای توند بۆ ڕێگرتن لە ڕوخاندن و تێکدانی شوێنەوار		
٤	بەڕای تۆ کێ بەرپرسە لەپاراستنی ناوچە شوێنەواری و کەلتوریییەکان؟	حکومەت	خەڵک و دانیشتوان	ڕێکخراوە ڕۆشنبیری و نێودەوڵەتییەکان	هەمو لایەک بەرپرسە		

٤-چارەسەر و ڕاسپاردەکان:

ز	پرسیار	هەڵبژاردە			
١	ئەو ڕێکارانە چین کە پێت وایە پێویستن بۆ پاراستنی ناوچە شوێنەواری و کەلتوریییەکانی کفری؟ (دەتوانیت زیاتر لەوەڵامێک هەڵبژێریت)	زیادکردنی هۆشیاری بەها و گرنگیی شوێنەوار	دانانی یاسای توند بۆ پاراستنیان	پشتیوانی پرۆژەی نۆژەنکردنەوە و پاراستن	بەشداری پێکردنی خەڵک لە پاراستنیاندا